# دەستوور

## پڕۆژەی دەستووری
## کوردستانەکی سەروەخۆ و سێکیولار

دارا خونچە

٢٠١٧

ناوی پەرتووک: پرۆژەی دەستووری کوردستانەکی سەروەخۆ و سێکیولار.
نووسینی: دارا خونچە.
تیراژ: ٥٠٠ قل.
چاپخانە: چاپخانەی شەهاب.
دیزاین و بەرگ: ماڵپەڕی ئەمڕۆ.

**پێشکەشە:**

- وە تێکـڕای ئەو کەسـانەی وە هومێـدی ئاشـتی و ئـازادیی و سەروەخۆیی و یەکسانیی و ئارامیی و ئاسوودەیی دەژین.

ئەو پــڕۆژەیە لە ســاڵی (٢٠٠٧)ەوە ئامــادەیە.. لــێ هەلــی چــاپ و بڵاوکردنەوەیەکی ئەوتۆ نەڕەخسا تا وە دیدی خوونەرانی ئاشنا بکەم، ئێســتا وە سـووکە دەســتکارییەک - پتــر لە رووی زمــان و ڕێنووســەوە - دەیخەمە بەردەست، وێدەچی ئێستا چاکترین دەرفەت بی تـا خـوونەران بتــوانن ســوودی لێــوەربگرن.. چــونکە هەر ئێســتا ســێ بزاڤــی بەرچــاو (بزاڤی دامەزرانی دەستووری کوردستان، بزاڤی سەروەخۆیی کوردستان، بزاڤی بنیاتنانی کوردستانەکی سێکیولار) زۆر وە گەرموگوڕیی لە رۆژەڤ دان، ئەو پەرتــووکەش وەک پڕۆژەیەکـی تاکەکەسیی خـۆم کە پــڕۆژەی (دەسـتووری کوردسـتانەکی سـەروەخۆ و سـێکیولار)ە لە بنچینـەدا لە ژێـر رۆشنایی ئەو بنەمایە هزرییە مێـژووییە دارێـژرایە کە ئەو سێ بـزاڤەی لێ ئافەریدە بووە.. واتە سەرەنجام دوا ئامانجی ئەو پەرتـووکە ئەوەیە کوردستان دەستووری خۆی هەبی و وڵاتەکی سەروەخۆ بی و سیستەمی بەڕێوەبردنی ژیان و دەسەڵاتەکەشی سێکیولار بی.

سەرەتای ٢٠١٧ - لەندەن

ئەگەر دەستوور و یاسایەکان
یەک جار پێویست بن
تا ژیان و گوزەرانی خەڵک ڕێکبخەن،
ئەوە سەت جار پێویستن
تا دەسەڵاتداران و زەنگینان بەرزەفت بکەن.

# نێوەرۆک


**دەروازەی یەکەم**

١- پێکهاتەکانی نیشتیمان .................................... ٧-٨

٢- بنچینەکانی دامەزرانی وڵات ............................ ٨-١٣

**دەروازەی دووەم**

١- ماف و ئازادییەکان ......................................... ١٤-٣٧

٢- ئەرکەکان ....................................................... ٣٧-٣٩

**دەروازەی سێیەم**

**دەسەڵاتەکان**

١- ئەنجوومەنی یاسادانان (پەرلەمان) .......................... ٤٠-٤٨

٢- ئەنجوومەنی جێبەجێکردن ................................... ٤٨-٥٨

١- دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار ..................................... ٤٨-٥٢

٢- ئەنجوومەنی وەزیران ............................................. ٥٢-٥٨

٣- ئەنجوومەنی میللیی ........................................... ٥٩-٦٧

٤- ئەنجوومەنی دادوەریی .......................................... ٦٧-٧٦

٥- ئەنجوومەنی میدیا ............................................. ٧٦-٨٢

٦- ئەنجوومەنی هێزی بەرگریی .................................... ٨٣-٨٨

**دەروازەی چارەم**

لێژنە ئازاد و سەروەخۆیەکان ...................................... ٨٩-٩٤

**دەروازەی پێنجەم**

ئابووریی ......................................................... ٩٥-١٠٠

**دەروازەی شەشەم**

دارایی ........................................................... ١٠١-١٠٢

**دەروازەی هەفتەم**

پابەندییەکانی دەسەڵاتەکان ....................................... ١٠٣-١٠٧

# دەروازەی یەکەم:

## ١- پێکهاتەکانی نیشتیمان:

**مادەی ١:**

**(کوردستانی باشوور) ناوی نیشتیمان و وڵاتە.**

**مادەی ٢:**

**هەموو پارێزگایەکانی هەولێر، سلێمانی، کەرکووک، دهۆک، بەشەکی نێو نەینەوا و شارۆچکەکانی ئاکرێ و شێخان و شنگال و تەلەعفەر و تەلکێف و قەرەقۆش و کۆمەڵگەکانی زومار و باشیک و ئاسکی کەلەک، شارۆچکەی بەدرە و کۆمەڵگەی جەسان، هەردوو شارۆچکەی خانەقین و مەندەلی دەکەونە نێو سنووری نیشتیمان.**

**مادەی ٣:**

**هەولێر پایتەختی وڵاتە.**

**مادەی ٤:**

**نیشتیمان دەکەویتە نێوان سێ پارچەکەی کوردستان و وڵاتی عێراق.**

**مادەی ٥:**

**كوردستانی باشوور لە رووی مێژوویی و جوگرافیی و... هتد پارچەیەكە لە نیشتیمانی پارچەپارچەكرای كوردستانی مەزن.**

**مادەی ٦:**

**نیشتیمانی هەموو ئەو نەتەوانەیە كە لەسەری دەژین: كورد، توركمان، (كلدان - ئاشوور - سریان)، عارەب، ئەرمەن، و... هتد.**

**مادەی ٧:**

**هەموو زمانەكانی نێو نیشتیمان بۆ جوایەزیی لە هەر جێ و ناوچەیەكی وڵات هەن فەرمیین.**

## ٢- بنچینەكانی دامەزرانی وڵات:

**مادەی ٨:**

**سیستەمی دەسەڵاتی حوكم كۆماریی و پەرلەمانییە لە چارچێوەی وڵاتەكی سێكیولاریی و فرەنەتەوەیی مرۆڤپەروەر.**

**مادەی ٩:**

**دەنگی گەل بنچینە و سەرچاوەی تێكڕای دەسەڵاتەكانە.**

**مادەی ١٠:**

**ئاشتیی و ئازادیی و یەکسانیی و ئاسوودەیی و سەروەخۆیی و مافی مرۆڤ پرانسیپە بنچینەییەکانی دەسەڵاتن.**

**مادەی ١١:**

**کۆبوونەوەی ئاشکرا، راپرسیی گشتیی، هەڵبژاردن، کاری وەکۆمەڵ، رەخنە و رەخنەلەخۆگرتن، فرەلایەنیی و هەمەرەنگیی، ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، جوداکردنەوە و پۆلێنی دەسەڵاتەکان، سەروەخۆیی دەسەڵاتەکان.. بنەما و رێڕەوی سەرەکیی کار و جوولەی دەسەڵاتەکانن.**

**مادەی ١٢:**

**سیستەمی گشتیی ژیانی کۆمەڵ - سەرمایەداریی یان سۆشیالستیی یان تێکەڵاو - لە رێی هەڵبژاردنەکی جەماوەریی وە یەک مانگ بەر لە هەر هەڵبژاردنەکی پەرلەمانی تازە دیاردەکرێ.**

**مادەی ١٣:**

**١- بنیاتنانی ژێرخانەکی ئابووریی وەهێز و هەردەم گەشاوە لە رێی شێوازە ئابوورییە سەرکەوتووە کەون و تازەکانی سەردەم و هاندان و وەگەڕخستنی ئەو کەرتە ئابوورییانەی کە بەرهەمی کار و قازانجەکانیان پتر لە راژەی بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵ دان وە مەرجەک وە هۆیانەوە ئابووریی نیشتیمانیی پتر گەشە پێبدەن و شمەک**

و کەرەستە و پێداویستییەکانی ژیانی کۆمەڵ بەرهەمبهێنن و گرنگیی پتر وە وەرهەمهێنانی خۆماڵیی بدەن.

٢- هیچ مادە و چەکەکی قەدەغەی جیهانیی بەرهەمنەهێندرێن و بەرهەمهێنانی چەکەکانی دیکەش تەنێ پێداویستییەکانی هێزە چەکدارەکانی نێوخۆ پڕ بکەنەوە نەک کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکرێ.

٣- رێ وە قۆرخکردن و گەندەڵیی ئابووریی و دادۆشینی وەکاربەر و چەوساندنەوەی کرێکاران و جۆتیاران و رەنجدەران و فەرمانبەران و چین و توێژە ستەمکێشەکانی دیکەی کۆمەڵ نەدرێ و وە پێی بەرژەوەندیی گشتیی کۆنترۆڵی کێبڕکێی بازاڕ و ئابووریی ئازاد بکرێ.

٤- لەنێوبردنی دیاردەی مافیایی و قاچاغچییێتیی و کۆنترۆڵکردنی هەناردن و هاوردنی هەر جۆرە شمەکەک.. بەڕێوەبردنی گومرگ لە رێی نووسینگەی دەزگە و دامەزراوە بازرگانییە حکومییەکان دەبی.. هەر جۆرە چەک و دەرمانەکی قاچاغ و هاوردنی چەکە قەدەغەکان و دەرمانە قاچاغەکان قەدەغەن.

## مادەی ١٤:

١- دین وە تۆبزیی نییە و وە هەموو شێوەیەک جودایە لە وڵات و نابی پشت وە رێبازی هیچ دینەک ببەسترێ لە دانانی دەستوور و یاسا و رێسایەکان.. هیچ دین و رێباز و رێکخراوەیەکی دینیی فەرمیی یان نافەرمیی نییە و هەر کەس ئازادە هەر دینەکی هەبی یان بیگۆڕێ یان

نەیبی.. ماف و ئازادییەکانی وە دین و بێ دینەکانیش وەکو یەک پارێزرایە.

٢- هیچ توانایەکی مادیی و مانەویی وڵات لە دامەزرانی پەرستگە و جێ و دامودەزگە و کار و کارگێڕییە دینییەکانی هیچ دینەک خەرج ناکرێ.

٣- بەرانگژبوونەوەی توند دژ وە هزر و سیاسەتی شۆڤێنیی و فاشیی، ئەفسوون و دابونەریتی پاشدامایی، ژینۆساید و راگواستن و گۆڕینی باری دیموگرافیی، نێرسالاریی و جوایەزیی نێوان ژن و پیاو، جوایەزیی فەلسەفیی و دینیی، ناوچەگەریی و نیشتیمانپەرستیی، رەگەزپەرستیی و نەتەوەپەرستیی، خێلەکیی و بنەماڵەیی، جوایەزیی رەنگ و بنچە، توندوتیژیی و کاری تیرۆریستیی، جەور و ستەمی چینایەتیی، چەوساندنەوەی ژنان و منداڵان و وەساڵاچووان و لاوان و فەرامۆشکردنی پەککەوتە و کەمئەندامان، پێشێلکردنی هەر جۆرە ماف و ئازادییەکی مرۆڤ، پیسکردن و تێکدانی ژینگە، پێشێلکردنی مافەکانی گیانداران.

مادەی ١٥:

١- هێزی بەرگریی نیشتیمانیی - پێشمەرگە - وە شێوەی خۆبەخش دەبی و هەموو بنکە و بارەگایەکانیان تەنێ لەسەر سنوورەکان دادەنێن. ئەو هێزە تەنێ لە پێناو دوو مەبەست دادەمەزرێ.. ئەوانیش؛ یەکەم: بەرگرییکردن لە نیشتیمان تەنێ لەو دەمانەی وڵاتەکی دیکە شەڕ وە وڵات دەفرۆشی. دووەم: یارمەتییدان و پاراستنی خەڵک لە کارەساتە سرووشتییەکان.

٢- هێزی بەرگریی نێوخۆ - پۆلیس - وە پێشڤەرۆترین پەروەردەی مرۆیی و تەکنیکیی و ئاستەکی رۆشنبیریی بەرزەوە تاکە هێزی پاراستنی خەڵکە لە تیرۆر و کوشتن و ئازاردان و هەموو توندوتیژییەکی جەستەیی و دەروونیی، وە پەیڕەوکردنی یاسا و رێسایەکان بەرپرسە لە ئارامیی و ئاسایشی نێوخۆ و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتییان و تەنێ لە دەمی پێویستدا چەکدار دەبی.

٣- هیچ هێزەکی دیکەی چەکدار نابی هەبی و هیچ کەسەکیش - کەسانی نێو حیزب و دەسەڵاتەکان یان کەسانی دەرێی هەردوو هێزی پێشمەرگە و پۆلیس - نابی وە هیچ جۆر و شێوەیەک هیچ جۆرە چەکەکی هەبی و سەرپێچییکەر وە توندیی سزا دەدرێ.

٤- هیچ جۆرە رێکخراو و دەستە و دامودەزگەیەکی سیخوریی یان خڕکردنەوە و داکردنی زانیاریی و نهێنییە تایبەتییەکانی خەڵک - لە نێوخۆ یان لە دەریی وڵات - جا چەکدار بن یا بێ چەک مۆڵەتیان پێ نادرێ و نابی هەبن.

٥- رێگرتن لە دروستکردن و وەکاربردنی چەکی ناوکیی و قڕکەر و هەر جۆرە چەکەکی قەدەغە و کۆششکردن لە پێناو لەنێوبردن و بنبڕکردنیان لە تێکڕای جیهان.

مادەی ١٦:

١- گەلانی کوردستان تاکە خاوەنی هەر سامانەکی سروشتیی و گشتیین (وەکاربردرا و وەکارنەبردرا - پارە و پوول و شمەک و کەلوپەل و...

هتـــد) و له ڕێــی دەســـەڵاتەکانی وڵاتیشـــەوە چاودێرییـــان دەکەن و سەرپەرشتیی وەکاربردنیان دەکەن.

٢- کـــۆی ئەو ســـامانانە دەبـــی هەردەم وە ســـوود و قـــازانجی گشـــتیی وەکـــاربردرێن و هەمـــوو تاکەکـــانی کـــۆمەڵ وە یەکســـانیی ســـوود لە وەکـــاربردن و قازانجەکانیـــان وەربگـــرن.. وە هـــیچ شـــێوەیەکیش نـــابی و نـــاکرێ وە قـــازانجی هـــیچ کەس و لایەن و وڵاتەک دەســـت لە هـــیچ بەشـەکیان هەڵبگیـردرێ.. دەبـی سـەرجەم سـامانەکان هەردەم وە پێـی ژیـانەکی گەشـەدارتر و وە لەبەرچـاوگرتنی ویست و بەرژەوەنـدییەکانی نەوەکانی ئێستا و ئایندە لە ڕێی نەخشە و پلانی جۆراوجۆر و گونجاوی وەبەرهینان بخرێنە واری وەکاربردنەوە.

٣- دەبـــی هەر تـــاکەکی کـــۆمەڵ بەهرەمەنـــد بـــی لە هەمـــوو ڕێوشـــوێنە گونجاوەکـــانی بەرگرییکـــردن تـــا بتـــوانی وە ڕێکـــاری یاســـایی ڕێ لەو کەسانە بگری کە دەخوازن سامانەکانی گەل وەفیرۆ بدەن یـان لە پێنـاو سوود و بەرژەوەندییە خۆپەرستییە تایبەتییەکانی خۆیان وەکاریـانببەن جا ئەو کەسانە لە نێو دەسەڵات بن یان لە دەرێی دەسەڵات.

# دەروازەی دووەم:

## ١- ماف و ئازادییەکان:

### مادەی ١٧:

١- هەر کەسەک بێ ویستی خۆی لە داک دەبی لێ مافی ئەوەی هەیە وە پێی ویستی خۆی و سەروەخۆ و ئازادانە بژی.

٢- هەموو کەسەکان بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ جۆر و شێوە جوداکارییەکی نێوان مرۆڤەکان ماف و ئازادییەکانیان وەک یەک یەکسانە.

٣- مافی هەر کەسەکی کوردستانە وە ئازادیی خۆیی سەر وە هەر دین و حیزب و لایەن و رێکخراوەکی سیاسیی و کۆمەلایەتیی و پیشەیی و رۆشنبیریی و... هتد بی یان نەبی یان بیانگۆڕی.

٤- ئازادیی نیشتەجێبوون لە هەر جێیەکی نێوخۆ و دەرێی وڵات و گەڕانەوە و هاتوچۆ و گەشتوگوزار مافی وەک یەکی هەموو هاوڵاتییانە.

٥- مافی وەرگرتنی هەر پۆستەکی حکومیی و سڤیلیی و رەخساندنی هەلی هەر کارەک و هەڵبژاردنی هەر کارەک مافی وەک یەکی هەر کەسەکی تەمەن ١٨ ساڵ و پترە.

٦- مافی وە خۆڕایی خووندن و پەروەردە و فێربوون و هەر خول و راهێانەک لە هەموو ئاستەکان و لە دەرێ و نێوخۆی وڵات مافی وەک یەکی هەموو هاوڵاتییانە.

٧- ئـازادیی فەلسەفیی و هزریـی و سیاسیی و رۆشـنبیریی و هەر جۆرە بیـرورایەک و وەکـاربردنی میـدیا مـافی هەر کەس و لایەنەکە و دەبـی بپارێزدرێن و وە پێی ئاستەکان توانایەکانیان بخرێتە بەردەست.

٨- مافی (کۆڕ و کۆبوونەوە و داواکاریی و سکالا و نـاڕەزایی دەربـڕین و رەخنەگـرتن و رێپیـوان و خۆپیشـاندان و مـانگرتن) بـۆ رێگریـی و بـۆ مۆڵەت لەسەر هەر وشە و کار و بابەتەک جا لە هەر دەم و جێیەک بی و لە بەرانبەر هەر کەس و حیزب و لایەن و دەسەلاتەک بـی مـافی رەوا و بێ مەرجی هەر کەس و کۆمەڵە کەسەکی نێو نیشتیمانە.

٩- مـافی هەر کەسـەکی تەمەن ١٨ سـاڵ و پتـرە وە ویسـت و ئـارەزووی خۆی بەشداریی لە هەڵبـژاردن و راپرسییە گشتییەکان بکـا یـان نەکـا، ١٠٪ی جەمـاوەری دەنگـدەر لە چـارچێوەی گشـتیی یـان لە سـنووری هەر بـازنەیەکی هەڵبـژاردن مـافی ئەنجامدانی راپرسییان هەیە لەسـەر هەر پرس و بـابەتەک.

١٠- هەر کەس وەک یەک مافی گرتنی هـاوڕێ و هەڤـاڵی هەیە.. نێر و مـێ هەردووکیــان وەک یەک لە تەمەنــی ١٦ ســاڵیی و پتــر مــافی هەڵبـژاردنـی خۆشەویست و ئەڤینـداریی و جووتبـوون و جودابوونەوەیـان هەیە جا سەر وە هەر رەگەز و نەتەوە و دین و وڵاتەک بن.

١١- پاراســتنی گیــان و جەســتە و بــاری دەروونیــی و شـکۆمەندیی و تـایبەتمەنـدییەکانی بـوونی مـرۆڤ و دابینکردنـی ئـارامیی و ئـاسـایش و ئاسوودەیی.

١٢- پاراستنی جێی نیشتەجێبوون و ماڵ و شمەکی هەر کەسەک.

١٣- پاراستن و دابینکردنی هەر جۆرە ماف و پێویستییەکی مرۆڤەکان لە هەر دەم و جێیەک لە رووی تەمەن و زمان و باری خێزانداریی و رەبەنیی و نێرەمووکیی جا کەموکوڕیی جەستەیی و دەروونیان هەبی یان نەبی.

١٤- ئازادیی فەلسەفیی و هزریی و سیاسیی و رۆشنبیریی و پیشەیی و کۆمەڵایەتیی لە دروستکردنی هەر جۆرە پارت و رێکخراو و کۆمەڵە و یەکێتیی و یانە و سەندیکایەک بێ مۆڵەت و سەپاندنی هیچ مەرجەک لەسەریان وە دابینکردنی پێویستیی و خەرجییە کارگێڕییەکانیشیانەوە.

١٥- ئازادیی چاپ و بڵاوکردنەوە و دامەزرانی هەر دامودەزگەیەکی میدیایی بێ مۆڵەت و سەپاندنی هیچ مەرجەک لەسەریان وە دابینکردنی پێویستیی و خەرجییە کارگێڕییەکانیشیانەوە.

١٦- هاندان و پشتگیرییکردنی داهێنەران و پێشکەشکردنی یارمەتیی و ئاسانکاریی لە بڵاوکردنەوە و جێبەجێکردنی داهێنانەکانیان و پاراستنی تێکڕای مافەکانیان.

١٧- پاراستنی مافەکانی وەکاربەران و پشتگیرییکردنیان لە دانانی (نرخی گونجاو) لەسەر هەر کاڵایەکی نێوخۆ و دەرێ و رێگرتن لە سنووربەزاندنەکانی فرۆشیار و خاوەنکاڵایەکان و دامەزرانی لیژنە و کۆمەڵەی پێویست و تایبەت لەو بارەوە لە هەموو جێیەک.

١٨- گوژمەیەک کە بەشی بژێوی ژیانەکی ئاسایی بکا وەک (بیمەی هەفتانە) وە پێی تەمەن و وە یەکسانیی بدرێ وە هەر کەسەک کە کار

**ناکا، هەر کەسەکیش کار بکا بێجگە لەو سەرمایەیەی کە لە کارەکەی پەیدای دەکا هەمان بیمە هەر وەربگرێ.**

**١٩- هەر کەسەک کە وە هۆی نەخۆشیی و پەککەوتن و منداڵبوون و پیریی لە کارەکەی دادەبڕێ بیمەیەک وە بڕی دەستکەوتی کارەکەی وەربگری، ئەوانەی هەر لە سەرەتاوە وە هۆی هەر ناتەواوییەک ناتوانن کار بکەن هەر کەسەو وە پێی پێویستییەکانی بیمەیەکی هەبی.**

**٢٠- هەر رەبەن و هەر خێزانەک خانییەکی نیشتەجێبوونی لەبار و وە خۆڕاییان دەبی وە مەرجەک هەر کەسەک - بێجگە لە هاوسەران کە یەک ژۆریان پێویستە - ژۆرەکی تایبەتی خۆی هەبێ.. هەر خانییەک دەبی هەموو جێیە پێویستەکانی دیکەی هەبێ وەک ژۆری دانیشتن و ناندین و سەرشۆرک و ئاودەست.**

**٢١- هەر کەس وە یەکسانیی لە لایەنی کەم و ئاستەکی پێویستدا وە خۆڕایی لە خەرجییەکانی (ئاو و کارەبا و نەفت و گاز و تەلەفۆن و ئینتەرنێت و ئاگرکوژێنەوە و فریاکەوتنەکان و فڕێدانی زبڵ و هاتوچۆی نێوخۆ و وڵاتان و هەر دیاردەیەکی تازە کە لە ژیانی ئایندەدا پەیدا دەبن) بەهرەمەند دەبی، لێ هەر کەسەک لە ئاستە پێویستەکەدا پتر خەرج بکا خەرجییەکەی دەکەویتە سەر شانی خۆی.**

**٢٢- بنکەی پزیشکیی تایبەت و وە پارە قەدەغەیە، چارەسەرکردنی هەر نەخۆشەک وە فریاکەوتن و نەشتەرگەریی و خەوتن و گشت داودەرمانەکانەوە وە خۆڕایی دەبی.**

٢٣- قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو کەسانەی وە هۆی شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەی رژێمەکانی بەریی و شەڕی نارەوای نێوخۆی نێوان حیزبەکان و تیرۆر و نەبوونی ئازادیی سیاسیی و هەڵسوکەوتی حیزبەکان و پاشدامایی و گوزەراندنی کات و پەککەوتن و لەدەستدانی کار زیانی مادیی و گیانیی و جەستەیی و دەروونییان پێگەیشتیە.. ئەو قەرەبووکردنەوەیەش دەبی لە لایەن لیژنەیەکی شارەزا و هەڵبژێردرای جەماوەریی و بێلایەنی دوور لە حیزبەکان ئەنجام بدرێ و هەر کەس وە پێی جۆر و پلەی زیانەکەی بڕ و جۆر و شێوەی قەرەبووکردنەوەکەی دیار دەکرێ جا مادیی بی یان مانەویی..لە قەربووکردنەوە مادییەکاندا ئەگەر کەسەکە ئیدی نەتوانی کار بکا ئەوە مووچەیەکی هەفتانەی پێ دەدرێ و ئەوانی دیکەش وە یەک کەڕەت قەربوو دەکرێنەوە.

مادەی ١٨:

١- هەر دەمەک جەماوەر بیەوێ دەتوانی لە ڕێی راپرسیی گشتییەوە ناوی وڵات و شوێنی پایتەخت بگۆڕێ.

٢- مافی خەڵکی هەر ناوچەیەکی نێو سنووری کوردستانە ئەگەر بیانەوێ لە راپرسییەکی نێوخۆی خۆیان ناوچەکەیان ببتە هەرێمەکی ئۆتۆنۆمی لە نێو کوردستان یان هەرێمەکی فیدرالیی یان کۆنفیدرالیی دەگەڵ کوردستان پێکبهینن.. یان دەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان یان هەر وڵاتەکی دراوسێ یەکبگرن.. یان وەک وڵاتەکی سەروەخۆ لە کوردستان جوداببنەوە.

٣- مافی خەڵکی هەر ناوچەیەکی سەر سنووری دەرێی کوردستانی باشووره جا لە هەر پارچەیەکی دیکەی کوردستان بن یان سەر وە عێراق بن ئەگەر بیانەوێ لە راپرسییەکی نێوخۆی خۆیان ناوچەکەیان دەگەڵ کوردستان یەک بگری یان وە شێوەی ئۆتۆنۆمیی یان فیدرالیی یان کۆنفیدرالیی دەگەڵ کوردستان بژین.

٤- خەڵکی کوردستانی باشوور مافی ئەوەی هەیە ئەگەر بیەوێ لە رێی راپرسییەکی گشتییەوە دەگەڵ هەر پارچەک یان هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان یەکبگری جا چ وە شێوەی ئۆتۆنۆمیی یان فیدرالیی یان کۆنفیدرالیی بی یان وەک یەک وڵاتی یەک پارچە کوردستانی مەزن دابمەزرێنن.

٥- هەر کەس ئازادە هەر ناسنامەیەکی خۆی وە زمانی خۆی یان وە زمانەکی دیکە هەبی و ناوی نەتەوەکەی لەسەر تۆمار بکا یان نەکا.

٦- هەر نەتەوەیەکی نێو کوردستان ئازادە میدیا و خووندنگە و دەزگەی پەروەردە و فێرکردنی تایبەتی خۆی لە گشت ئاستەکاندا وە زمانی خۆی دابمەزرێنی وە مەرجەک هاندەری رەگەزپەرستیی و جوداکاریی نەرێنیی دینیی و توندوتیژیی و تیرۆرییان لە پشتەوە نەبی.

٧- ئاڵا و دروشم و سروود و جێژن و پشووی فەرمیی و یادەوەریی و رێزگرتن و خەڵات و پەیکەر و تابلۆ و نموونە و هەر نیشانەیەک کە وە ناوی گشت وڵاتەوە بڕیار لەسەر بوون و جێبەجێکردنیان دەدرێ دەبی گوزارشت لە ناسنامەی تێکڕای هاوڵاتییان بکەن.. ئەگەر نا ئەوە دەبی لە راپرسییەکی گشتیی هەڵبژێردرێن و وە فەرمیی بناسێندرێن.

٨- هەر نەتەوە و نـاوچە و کـارەک دەتـوانن هەمـوو ئەوانەی خـاڵی هەفـتەم و هەر نیشـانەیەکی دیـکەی تـایبەت وە خۆیـان هەبـی و وەکاریانببەن وە مەرجەک نەبنە هانـدەری رەگەزپەرستیی و جوداکـاریی نەرێنیی دینیی و تیرۆرکاریی و توندوتیژییە جۆراوجۆرەکان.

ماددەی ١٩:

١- بێجگە لە کاری هێزی چەکدار و پاسەوان و ئێشکگریی نەخۆشخانە و فریـاکەوتن و ئـاگرکوژانەوە و ئەو کـارە ئێشـکگرییانەی لە راژەی پاراسـتنی گیـان و بەرژەوەنـدیی هاوڵاتییـان دان هەروا ئەو کـارانەی بازاڕ و هاتوچۆیان لەسەر بەندە نـابی هیچ کـارەکی دیکە پێش کـاژێر ٧ی سپێدان دەستپێبکا و لە کاژێر ٩ی شەوان تێبپەڕێنی.

٢- هەر کارەکی رەش و نایاسایی و هەر کارەکی بێ گرێبەست لە نێوان خودی کرێکار و خودی خاوەنکار قەدەغەیە.

٣- مافی هەر کەسەکی تەمەن ١٨ سـاڵ پتـرە وە ئـارەزووی خۆی کـارەک هەڵبژێری و پاش گرێبەست دەگەڵ خاوەنکار دەست وە کارەکەی بکا وە مەرجێک لە ٧ کاژێر کار پتر نەبی وە دەمی حەسانەوەوەش کە لە یەک کاژێر کەمتر نییە.. جا ئەو ٧ کاژێر کـارە لە کـاژێر ٧ی سپێدانەوە تـا ٢ی پاشنیوەڕۆیـان بی یان لە کاژێر ٢ی پاشنیوەڕۆیانەوە تـا ٩ی شەوان بـی، ئەو کـاژێر حەسـانەوەیەش وەسـەر سـێ دەمـی جـوایەزدا دابەش دەکـرێ؛ (١٥ خـولەک، ٣٠ خـولەک، ١٥ خـولەک) یـان وە پێـی خواسـتی ئەو کەسانە دەبی کە کار دەکەن.

**٤- رۆژی شـەموو و یەکشـەم کە رۆژی حەسـانەوەی گشـتییە لە هەفـتە رۆژی حەسانەوەی کرێکارانیشە.. واتە کرێکار پێنج رۆژەکەی دیکە هەر رۆژەی ٧ کاژێر واتە ٣٥ کاژێر لە هەفتەیەکدا کاردەکا، ئەو کـارانەی کە ناکرێ هیچ دەمەک بوەستێندرێن ئەوە دەبی کرێکار دوو رۆژی دیکە لە هەر هەفتەیەکـــدا وەک دەمـــی حەســـانەوە وە ئـــارەزووی خـــۆی هەڵبژێرێ، کاری سەرباریش وە هەموو جۆر و شێوەیەک قەدەغەیە.**

**٥- دەبی خاوەنکار ژەمە خواردنەکی باش وە خۆڕایی وە کرێکار بدا و وە خـۆڕاییش هـاتوچۆی پێبکـا واتە لە پـێش مـاڵەکەی خـۆی تـا سـەر کـارەکەی و وە پێچەوانەشـەوە.. کرێـی دەمی هـاتوچۆش وە پێـی کرێـی کاژێری کاری کرێکارەکە لەسەر شانی خاوەنکارە.**

**٦- هەر کرێکـارەک لە پـاش هەر ١٢ هەفتەیەکـدا یەک هەفـتە دەمـی حەســانەوەی هەیە وە کــۆی ئەو کرێیــانەوە کە لە هەر رۆژەکــی کــار وەریدەگری؛ (کرێی کـاژێری کـار، پـارەی ژەمە خـواردنی رۆژانە، پـارەی دەمـــی هـــاتوچۆیەکەی).. هەروا مـــافی هەیە ئەو هەفـــت رۆژەی حەسانەوەکەی لە هەر دەمەکـی ١٢ هەفـتەکە وەربگـری جـا وە پێـی ئەو رۆژانەی پێویستیەتی یان هەمووی وەسەر یەکەوە.**

**٧- بێجگە لەوەی هەموو رۆژە فەرمیی و گشـتییەکانی حەسانەوە رۆژانـی حەســـانەوەی کرێکارانیشـــن رۆژی جیهـــانیی کرێکـــارانیش هەر رۆژی حەسانەوەی فەرمیی و گشتییە.. هەروا هەر کارەک یان هەر کارگەیەک لە ســاڵەکدا یەک رۆژی حەســانەوەی تــایبەتی هەیە.. هەر رۆژەکــی حەسانەوەش هەمان کرێی رۆژەکانی کاری هەیە.**

٨- هەر كرێكـارەک وە هـۆی كـارەكەی گیـان لە دەست بـدا ئەوە بـێجگە لەوەی دەبــی خاوەنكــار هەفتــانە لە مــاوەی ٢٥ ســاڵ كرێیەكــی دوو بەرابەری كرێی هەفتانەی كرێكارەكە وە كەسەكانی نێو خێزانەكەی بـدا و ئەگەر كرێكـارەكەش كەسی نێزیكی نەبـوو - هاوسەر، منـداڵ، داک، بـــاب، خوشــک، بــرا - ســەندیكای كرێكــاران هەفتــانەكەی دەكــاتە پڕۆژەیەكــی خــۆی لە بەرژەوەنــدیی كرێكــاران.. ئەوە خاوەنكــار وە ئامادەیی نوێنەری كرێكاران دادگەیی دەكرێ و كارگەشی دەوەستێندرێ و وە یەكجـاریی مـافی خاوەنكـاریی لـێ دەسـتێندرێتەوە تەنـانەت ئیـدی ناتوانی لە هیچ كارەكی دیكەدا یەک كرێكاریش وە كرێ بگری.

٩- كرێكـار لە دەمـی نەخۆشیی كاتییـدا مـافی وەرگرتنـی حەسـانەوەی هەیە وە كرێـی رۆژانەی خـۆیەوە جـا چەنـد رۆژی پێویسـت بـی وە پێـی راپۆرتی پزیشک.. ئەگەر وە هۆی  كارەكەشی ئەنـدامەكی جەستەی لە دەست دا یان دووچاری نەخۆشیی هەمیشەیی بـوو و ئیدی نەیتوانی كـار بكـا ئەوە بـێجگە لەوەی دەبـی خاوەنكـار پێشـەكییەک وە بـڕی كرێـی هەفتـانەی یەک سـاڵی كـارەكەی وە یەک كەڕەت بـداتێ دەبـی كرێـی هەفتانەكەشی بداتێ تا خانەنشین دەبی.

١٠- بێگاریی و قۆنتەرات و پارچەكاریی و كاری منداڵان تـا ١٨ سـاڵیی و كـاری ئەو كەسانەی وە هۆی نەخۆشیی پزیشک مۆڵەتی كاركردنیـان ناداتێ و كـاری ژنـان لە دەمی دوو رۆژ خوونبەربـوونی ماناگانەیانـدا و لە دەمی بارداریياندا تـا یەک ساڵ پاش منـداڵبوونیش - كە لە هەردوو باردا كرێی خۆیان وەردەگرن - وە هەموو جۆر و شێوەیەک قەدەغەن.

١١- كرێكار تەنێ لەسەر هەڵسوكەوتی خراپ وەک شەڕفرۆشتن و كاری دیكەی نامرۆییانە و ئەنجامنەدانی ئەركەكانی خۆی لە كارەكەی دەردەكرێ.. لێ ئەگەر خاوەنكار ویستی پێش كۆتاییهاتنی ماوەی كاری كرێكار - كە هەردەم دەبی لە دەمی گرێبەستی كار لە نێوان كرێكار و خاوەنكار تۆمار بكرێ - لەبەر هەر هۆیەكی دیكە كرێكار دەربكا ئەوە دەبی هەفتانە تا دەمی گرێبەستەكە كۆتایی دێ كرێیەكەی وە تەواویی بداتێ.

١٢- كارگێڕیی كار و كارگە یان هەر یەكەیەكی دیكەی بەڕێوەبەریی كار كە بەرپرسن لە هەڵسووڕانی كار و كارگە و پاراستنی ماف و ئازادییەكانی كرێكاران وە یەكسانیی لە نێوان نوێنەرانی كرێكاران و خاوەنكاران پێكدێ، هەروا دەبی سەرجەم كارمەندانی هەر نووسینگەیەكی پەیداكردنی كار لەو كرێكارانە بن كە زۆرترین پێشینەی كاریان هەیە و وەک بەرگرییكەر لە ماف و ئازادییەكانی كرێكاران لە لایەن خودی كرێكارانەوە وەک نوێنەر هەڵبژێردرانە.

١٣- نابی كرێكاران لە لایەن خاوەنكاران یان هەر كەسەكی دیكە وە بێبایەخیی و وە چاوەكی سووک تەماشا بكرێن بەڵكە دەبی وەک هەر كەسەكی دیكە تایبەتمەندیی و شكۆمەندییەكانیان بپارێزدرێن و هەر كەسەک سادەترین سووكایەتیی و زۆردارییان بەرانبەر بكا دەبی دادگەیی بكرێ و وە سزای رەوای خۆی بگەیەندرێ.

١٤- كرێكارانی دەرێی وڵات - وە فەرمیی وە نیازی كاركردن هاتبن یان پەنابەر بن جا مافی نیشتەجێبوونیان هەبی یا نا - بێجگە لەوەی دەبی وە پێی پێویست یارمەتییان بدرێ وە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە

زمان نازانن و شارەزای شێوازی ژیانی نێوخۆ نین بۆ جیاوازیی و وەک کرێکارانی نێوخۆ هەموو ماف و ئازادییەکیان هەیە.

١٥- کرێکاران بێ هیچ بەند و مەرجەک مافی ئازادیی سیاسیی و رێکخراوبوونی پیشەیی و ئازادیی میدیایی و رادەربڕین و خۆپێشاندان و مانگرتن و رێپیوان و کۆڕ و کۆبوونەوە و داواکاریی و سکاڵایان هەیە و دەبی حکومەت لە لایەنە مادیی و مانەوییەکان یارمەتییان بدا.

١٦- سەندیکایەکانی کرێکاران لە هەر کارگە و جێیەکی کارکردن راستەوخۆ لە لایەن خودی کرێکاران و بێ دەستێوەردانی دەسەڵات و حیزبەکان دادەمەزرێن و دەبی حکومەتیش وە یارمەتیی مادیی پشتگیرییان بکا لە بەڕێوەبردنی بنکە کارگێڕییەکانیان.

١٧- کرێی کرێکار وە پێی نرخی یەک کاژێر کاری ئەو کارگانە دیاردەکرێ کە وە لایەنی کەم ١٠ کرێکار یان پتریان هەیە و رۆژانە ژمارەی کاڵایەکانیان کە بەرهەمیدەهێنن دیارن و رێژەیەکی مامناوەندیی لە قازانج وەدەست دەخەن.. ئەویش وە دانی نیوەی کۆی قازانجی رۆژانەی خاوەنکار وە کۆی کرێکاران و دابەشکردن لەسەریان وە یەکسانیی.. لە رێی دابەشکردنی دەستکەوتی رۆژانەی کرێکارەکیش وەسەر ٧ کاژێر کار نرخی یەک کاژێر کار دردەچی.. بەوەش دەتواندرێ وە ئاسانیی وە بەراوردکردن و لەبەریەکڕاگرتنی (کاری ئەو جێیانەی کە کارگە نین یان کارگەی لەو بابەتانە نین) دەگەڵ (کاری ئەو کارگانەی ئاماژەمان پێ دان) لە رووی رێژەی قازانجی کار و لە رووی باری قورسیی و ئاسانیی کارەکانیان نرخی یەک کاژێر کاری هەر کارەک دیاربکرێ.

**مادەی ٢٠:**

**١- دەبـی ژنـان وە هەمـوو شـێوەیەک و وە واتـای وشـە لە هەردوو رووی گفتـار و رەفتـار یەکسـان بـن وە پیـاوان و تێکـڕای ئەو مـاف و ئازادییانەیان هەبی کە پیاوان هەیانە.**

**٢- نابی ژنی باردار هیچ جۆرە کارەک بکـا.. ئەگەر کـارەکی هەبـی ئەوە خاوەنکـار مـۆڵەتی دەمـی بـارداریی و یەک سـاڵ پـاش منداڵبوونیشـی بـداتێ.. ئەگەر کـاری وە کرێـی نەبـوو ئەوە حکومەت هەفتـانەیەکی وە قەد کرێی هەفتانەی کرێکارەکی مامناوەندیی بداتێ.**

**٣- ژنـی کرێکـار لە دەمـی خوونـدانانی مانگانەیـدا خۆوەخـۆ ٢ رۆژ مۆڵەتی حەسانەوەی خۆی هەیە وە کرێـی هەفتـانەوە جا ئەو کرێیە لە لایەن خاوەنکارەوە بی یان لە لایەن حکومەتەوە.**

**٤- ژن مافی هەیە (نەهێڵی منداڵی ببی) یان (منداڵی هەبی) لێ نـابی لە ٢ منـداڵ پتـری هەبـی.. پـاش هەبـوونی دوو منـداڵ نـابی کـۆرپە دروست بکا تا ناچـار بـی لەبـاری ببـا.. لێ پێش هەبـوونی دوو منـداڵ مـافی ئەوەی هەیە هەر دەمەک بـیەوێ کـۆرپە لەبـار ببـا وە مەرجەک لێژنەیەکـی پزیشـکیی بیسـەلمێنی مەترسـیی مەرگ و نەخۆشـیی درێژخایەنی وەدوودا نایێ.**

**٥- دەبـی دایەنـگە و جێـی بەخێـوکردنی منـداڵ لە رۆژی یەکەمـی لەداکبوونەوە منداڵەکە وەربگری و تـا کۆتـایی ١٨ ساڵیی بەخێوی بکـا، هەردوو هاوسـەر (ژن و پیـاو) مـافی ئەوەیـان هەیە رۆژانە چەنـد کاژێرەک - ٣ تـا ٦ کـاژێر - منداڵەکە لە کن خۆیـان داڵـدە بـدەن جا**

پـێکەوە بـژین یـان دەسـتیان لە یەک بەردابـی یـان ژنەکە هەر لە بـنەڕەتەوە هاوسـەری نەبـی، لـێ لە بـارەک کە ژنەکە هاوسـەری هەیە دەتوانی بێ پرس و رای هاوسەرکەی مۆڵەتی دەمی داڵـدانەکە وەربگری و هاوکـــات بەخێـــوکردنی منـــداڵەکەش وە خەرجیـــیەوە لە دەمـــی داڵدەدانەکە وە چاودێرییەکی توند و وە هەموو شێوەیەک لەسەر شانی هاوســـەرەکەیەتی.. واتە لە هـــیچ بـــارەک بەخێـــوکردنی منـــداڵ و خەرجییەکەی لەسەر شانی ژن نییە.

٦- بڕینی پارچەیەک لە لەشی کیژان یا ژنـان - میتکە -، شوشتنەوەی ئـــابڕوو، دوو ژنیـــی، بنپشـــک، ژن وە ژن، فرۆشـــتنی ژن، مـــارەیی، مارەکردنی دینیی، رێگرتن لە ئەڤین و هەڵبژاردنـی هاوسەر، رێگـرتن لە ئـــازادیی سێکسـیی کەمتـر لە پیـاو، سێکسـی پـێش ١٦ سـاڵیی، هاوســـەرگیریی پـــێش ١٨ ســـاڵیی، جـــوون و ســـووکایەتیپێکردن، ئەتککردن، لێدان و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونـی، برینـدارکردن و کوشتن وە هۆی ژنبوون و هەموو هەڵسوکەوتە دژەژنییەکـانی پیـاوان کە لە لایەن پیـاوان یـان ژنـانەوە لە بەرانـبەر ژنـان ئەنجـام دەدرێـن وە تـاوان دادەندرێن.

٧- فەرمانـــدە یـــان جێگرەکـــانی هێزەکـــانی پێشـــمەرگە و پـــۆلیس و بەرپرسی کۆنترۆڵکردنەکـان و داکردنـی چەک و تەقەمەنیـی و زینـدان دەبی لە ژنـان بن.

٨- دامەزرانـی یەکێتیـی ژنـان و یەکێتـی داکـان لە لایەن خـودی ژنـان خۆیان و یارمەتییدانیان لە لایەن پیاوانی ئازادییخواز و یەکسـانییخواز و مـــافپەروەرانی ژنـــان و یارمەتییـــدانی مـــادیی و مـــانەویی لە لایەن

حکومەتەوە لە دامەزرانی نووسینگە کارگێڕییەکانی یەکێتییەکانیان لە هەر جێیەک کە پێویستە، هەروا دەبی ئەو یەکێتییانە نوێنەریان لە هەر دامودەزگەیەکی گرنگی دەسەڵاتەکان هەبی.

٩- لە پێشکەشکردنی داوای پەیداکردنی کار دەبی ژنان سەرپشک بن و پێشی پیاوان کاریان پێ بدرێ وە تایبەتییش ئەو کارانەی کە وە خێرایی بنەمای مرۆڤ لە رووە هزریی و دەروونیی و جەستەییەکان پێشدەخەن و وەهێزی دەکەن.

١٠- لەنێوبردنی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەکی ژنان لە رێی بنەبڕکردنی نێرسالاریی و پیاوسالاریی و بابسالاریی و رەتکردنەوەی دەقە یاساییەکانی باری کەسیی پێشان و دەقە دینییە دژەژنییەکان و ئەفسوون و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پاشدامابییەکان و دابونەریتە نەرێنییەکان.

١١- رێژەی ژنان لە هەر دامودەزگەیەکی دەسەڵاتەکان و تێکڕای ئاستە جودا جودایەکانی بەڕێوەبردنی کار و ژیان لە رێژەی پیاوان کەمتر نەبن.

١٢- لە سادەترین پێشێلکردنی هەر ماف و ئازادییەکی ژنان لە لایەن هەر کەسەوە وە تایبەتییش لە لایەن پیاوانەوە دەبی بێ هیچ چاوپۆشینەک پێشێلکەر بدرێتە دادگە و وە توندترین شێوە سزای بدرێ.. ئەگەر حکومەتیش یان هەر دەسەڵاتەکی جێبەجێکەر درێخیی یان سەرپێچییان کرد لە دۆزینەوە و دادگەییکردنی تۆمەتباران یان لە رێی بووردنی گشتییەوە تۆمەتبارانیان ئازاد کرد.. ئەوە دەبی ژنان وە

هۆی نوێنەرانیان لە یەکێتییەکانیان ئەو دەسەڵاتانەیان هەبێ کە بتوانن تۆمەتباران بگەیەننە دادگە.

مادەی ٢١:

١- یاسا لە سەرێی هەمووانە و هەموو کەسەکان لە هەر رەگەز و ئاست و پێگە و دەم و جێیەکدا بن لە بەرانبەر داد و دادگە و دادوەرییی یەکسانن وەک یەک و دەتوانن هەر مادە و برگەیەکی نێو دەستوور و سەرجەم ئەو یاسا و رێسایانەی لێیان هەڵدەهێنجێندرێن لە وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانیان و بەرگرییکردن لە خۆیان لە بەرانبەر هەر تاوانەک کە دەدرێتە پاڵیان وەکارببەن.

٢- وەسەردادنی ماڵان و جێی ژیان و کار و پشکنینی ماڵان و دەستوەسەرداگرتنی کەلوپەل و شتومەک و سامانی تایبەتیی هەر کەسەک وە هەموو شێوەیەک و هەر بیانووەک قەدەغەیە تەنێ لەو بار و دەمانەدا نەبێ: (دزیی، لێدان، وەکاربردنی دەرمانی قەدەغە، هەبوونی کەلوپەلی قاچاغ، سێکسی وە تۆبزیی، سێکس دەگەڵ منداڵ، شکاندن و تێکدان و سوتاندن و تەقاندنەوە، هەبوونی چەک و تەقەمەنیی، بریندارکردن و تیرۆر و کوشتن، دروستکردن و کڕین و فرۆشتنی هەر مادەیەکی قاچاغ و توندوتیژیی نواندن و خۆشاردنەوە لە سزاوەرگرتن و خۆنەدانەدەست بڕیار و حوکمە یاساییەکان لە ماڵان و جێی ژیان و کارگە و فەرمانگەکان).

٣- (راونان و رەشبگیریی هاوڵاتییان، ئازاردانی جەستەیی و دەروونیی و بریندارکردنی تۆمەتبار و تاوانبار و زیندانیی، گرتن و راپێچکردن

و زینـــدانکردنی پـــێش دادگەییکـــردن، گـــرتن و زینـــدانکردن لەســـەر سیاســەت، زینــدانی تاکەکەسـیی و تــایبەتیی، تێکەڵاوکردنــی هەمــوو زینــدانییان و نەبــوونی بەشــی جــودا جــودای زینــدانییان لە زینــدان، لێستاندنەوەی هەر مـاف و ئـازادییەکی هاوڵاتیـان لە زینـدانیی بێجگە لەوانەی دەبنە هۆی هەڵاتنی زیندانیی، زینـدان و زینـدانیی نایاسـایی، بێگــاریی و کــارپێکردنی وە تــۆبزیی زینــدانیی و ســزادان وە کــارکردن، دادگەی تــایبەت و نهێنیــی و نائاســایی، دادگەی تــایبەتیی سیاســیی و کەسیی و ئاسایشیی و پۆلیسیی و سـەربازیی جـا چ نهێنیـی بـن یـان ئاشکرا، دادگەییکـردن و سـزای وەکـۆمەڵ، دادگەییکردنـی بـێ پـارێزەر، دادگەییکردن بێ ئامادەبوونی تۆمەتبار، هەر جۆرە پارە وەرگـرتنەک لە سـکاڵاکەر و تۆمەتبـــار و تـاوانبـــار و زینــدانیی لە هەر ســێ قـۆنـــاغی لێکـــۆلینەوە و دادگەییکـــردن و جێبەجێکردنـــی حوکمەکـــان بـــێجگە لە ســزادانی وە پـــارە کە لە لایەن دادوەرەوە دەردەچـــی، ســـەختتربوون و گەورەتربــوونی سـزا لە تــاوان، دانپێنـانی وە تــۆبزیی و هەر شـێوازەکی دیــکەی نایاســایی، بەرتیلــدان و بەرتیلــوەرگرتن، دانــی زینــدانیی وە وڵاتـان و تەرەکردن و دوورخستنەوە و بنبزرکردن و کوشتن و تیرۆرکردن و لەســـێدارەدان) لە لایەن هەر کەس و هەر فەرمـــانبەرەکی زینـــدان و دامــودەزگەیەکی یاســـایی و سیاســـییەوە وە هەمـــوو جـــۆر و شـــێوەیەک قەدەغەن و وە تاوان دادەنرێن.

٤- هەر کەسەک کە دادگە یـان هەر فەرمـانگەیەکی یاسـایی داوای دەکـا دەبی وە نـامە ئاگادار بکرێتەوە، بێجگە لەو کەسـانەی (برینـدارکردن و کوشــتن و تـــاوانی گەورە یـــان کارەســـاتیان ئەنجـــام دایە و دەیـــانەوێ هەڵبێن و خۆیـان بشـارنەوە یـان مەترسیی ئەو کارانەیـان لێدەکرێ)

نابی کەس پێش دادگەییکردن و سزادان لە لایەن دادگە بگیردرێ یان بەند بکرێ.. هەروا لە دەمەکدا کە تۆمەتبار نامەی دادگە فەرامۆش دەکا یان نایەوێ خۆی بداتەدەست دادگە یان یاسایەکان و بڕیاری دادگە جێبەجێ ناکا ئەوە مافی فەرمانگەی تایبەتی دادگەیە وە هۆی پۆلیس دەستگیری بکا ئەویش تەنێ لە دەمی پێش دادگەییکردن وە مەرجێک ئەو دەمە لە ١٢ کاژێر پتر نەبی.. دەبی دەستبەجێ لە تاوان و هۆیەکانی گرتنەکەی ئاگاداربکرێتەوە و لیستی ناوی پارێزەرانی بخرێتە بەردەست تا یەکەکیان هەڵبژێری.. هەروا مافی ئەوەشی هەیە هەر هۆیەکی پەیوەندیی کە پێویستیەتی بخرێتە بەردەستی تا پەیوەندیی وە ١ - ٣ کەسی نێزیکی خۆی بکا و سەردانی بکەن.

٥- نابی تاوانەکان تێکەڵبکرێن، هیچ کێشە و حوکمەکی پێشان نابی کاربکاتە سەر بڕیاری دادوەر لە کێشەیەکی تازە، هیچ یاسایەکی تازەش کاریگەریی لەسەر بڕیار و حوکمی پێشان نابی ئەگەر ئەو یاسایەی کە حوکمی پێشانی پێدەرچووە هەڵنەوەشێندرابیتەوە یان هەموار نەکرابی، لێ کە یاسایەکی تازە دەردەچی و ئەوەی پێش خۆی هەڵدەوەشێنتەوە و کارتێکردنی ئەرێنیی دەبی وە قازانجی کەسانەک کە پێشتر سزا درانە ئەوە ئەو کەسانە دەتوانن داوی دادگەیی پێداچوونەوە بکەن و وە پێی یاسایە تازەکە دادگەیی بکرێن.

٦- هەر دادگەییەک پێکدێ لە: (دادوەری گشتیی، دادوەری تایبەت وە کێشە جوداجودایەکان، داواکاری گشتیی، سکاڵاکەر، داواکاری تایبەت - پارێزەر -، تۆمەتبار) و بێ ئامادەبوونی هەر یەکەک لەوانە دادگەییەکی یاسایی نابی.. گەواهێک یان ٢ دەتوانن ئامادەبن ئەگەر

سکاڵاکەر یان تۆمەتبـار پێویستیان پێیـان هەبی.. هەروا هەر کەسەک دەتوانی لە دادگەیی ئامادەبی و ٣ کەسیش لە ئامادەبووان دەتـوانن لە دەمەکی دیارکرای پێش بڕیاری دادوەری گشتیی را و تێبینیی خۆیـان لە یەک جاردا دەرببڕن.

٧- پێـداچوونەوە - دووبـارەکردنەوەی دادگەیـی - مـافی هەر یەک لە سکاڵاکەر و تۆمەتبـارە.. ئەگەر سکاڵاکەر داوای پێـداچوونەوەی کـرد ئەوە دەبی هەر یەکە لە دادوەری گشتیی و دادوەری تایبەت بگۆڕدرێن.. لێ ئەگەر تۆمەتبار داوای پێداچوونەوەی کرد ئەوە دەبـی هەر یەک لە دادوەری گشـتیی و دادوەری تـایبەت و داواکـاری گشـتیی بگـۆڕدرێن.. گۆڕینی داواکاری تایبەت ئازادە.

٨- لە دەمەکـدا تـاوانبـار وە بڕیـاری دادگەیـی پێـداچوونەوە دووبـارە تـاوانبار دەردەچی ئەوە مـافی خۆیەتی لە ڕێـی هەردوو (لێژنەی بـاڵای مافەکانی مرۆڤ و لێژنەی پاراستن و گەشەپێدانی ماف و ئازادییەکـانی هاوڵاتییـان) داوای پێـداچوونەوەی بڕیـارەکە بکـا.. ئەگەر ئەو دوو لێژنەیە داوایەکەیـان ڕەتنەکردەوە ئەوە دەبـی لە پێنـاو دەرکردنـی دوا حـوکم دادگەیـی کۆتـایی وە ئامـادەبوونی هەردوو نـوێنەری هەردوو لێژنەکە لە دادگەی باڵا ئەنجام بدرێ.

٩- سکاڵاکەر وە پێـی وەڕاستگەڕانی سکاڵایەکەی دەبـی قەرەبـووی ئەو زیانانەی بکرێتەوە کە لە پێشێلکردنی مافەکانی پێیکەتیە.

١٠- تۆمەتبار یان تـاوانبار یان زینـدانیی مـافی ئەوەیـان هەیە لە ڕێـی دەستوور و یاسایەکان داکۆکیی لە هەموو ماف و ئازادییەکانیان بکەن و

وه پێی وەڕاستنەگەڕانی تۆمەتەکانیش دەبی قەرەبووی ئەو زیانانەیان بکرێتەوە کە وە هۆی تۆمەتەکان  پێیانکەتیە.

١١- دەبی دەگەڵ گەیشتنی هەر داوا یان سکاڵایەک دەمودەست وە تەلەفۆن خاوەنەکەی لە گەیشتنەکە ئاگادار بکرێتەوە و لە ماوەی ٣ رۆژیشدا وە بڕیارەک وەڵامی بدەنەوە.. وەڵامنەدانەوە و دواخستن لە دەمی دیارکرادا بەرپرسان دووچاری لێپرسینەوە دەکا.

مادەی ٢٢:

منداڵان لە رۆژی لەداکبوونیانەوە تا کۆتایی تەمەنی ١٨ ساڵییان دەبی لە لایەن  حکومەتەوە  لە  تێکڕای رووە مادیی و مانەوییەکانی ژیان پەروەردە و سەرپەرشتیی بکرێن ئەویش وە دروستکردنی شاری منداڵان کە هەموو جۆرە بەشەکی پەروەردە و فێرکردنەکی زانستیی و پێشکەوتووخوازانەی بێلایەنی تێدا بی وە هەموو کەرستە و پێویستییەکی تایبەتی ژیانی منداڵان.. وە جۆرەک وە هیچ شێوەیەک لانەی داک و باب پێویست نەبی و کەسیش نەتوانی رۆژانە لە ٣ - ٦ کاژێر پتر منداڵ لە کن خۆی داڵدە بدا.. هەر داک و بابەکیش رازییبن بەوەی دەمی داڵدەدانی منداڵەکەیان وەرنەگرن ئەوە دەتوانن لە هەر دەمەکی حەسانەوە سەردانی منداڵەکەیان بکەن و مۆڵەتی بەشدارییکردنی هەر ئاهەنگەکی منداڵانیشیان هەبی لەو جێیانەی کە منداڵەکەیانی لێیە.

**مادەی ٢٣:**

**لاوان لە تەمەنـــی ١٩ ســـاڵییانەوە بـــێجگە لەوەی هەر مـــاف و ئازادییەکیـــان هەیە وەک هەر کەســـەکی دیـــکە.. دەبـــی حکـــومەت وەزارەتەکی شارەزا و وە توانـا لە لاوان پێکبهێنـی تـا خـودی خۆیـان وە هاوکاریی لێژنەیەکی راوێژکار لە پیرە وە ئەزموونەکـان وە پێی ویست و پێویستییە مادیی و گیانییەکـانی ئەو قۆناغەیـان پرۆژە و بەرنـامەی وە کەڵک و پڕ سوود دابهێنن و وە جۆر و شێوەیەکی ژیرانە نەخشە و پلانەکانیـان لە لایەنـی کـردەییەوە جێبەجـێ بـکەن وە جـۆرەک کە لە هەردوو لایەنی پەروەردەیـی و بەرهەمهێنـان پەرە وە توانـا و شـارەزایی و بەهرەکانیـان بـدرێ و وە شـێوەیەکی بەرچـاو لە گەشـەکردندا بـن.. ســـەرەنجام ژیـــانی تەمەنـــی جوانییـــان پـــڕ لە ئاســـوودەیی بـــی و لە ئایندەشدا ببنە هەوێنی یەک کۆمەڵی بێ چەوسانەوە و دادپەروەر.**

**مادەی ٢٤:**

**ئازادیی گواستنەوە و گەیاندن و پۆست و پەیوەندییکردن وە هەمـوو ئەو شێوە و رێچکانەی کە ئێستا لە جیهان لەبەردەستن بێ هیچ جۆر و شێوە رێگریی و چاودێرییەک.**

**مادەی ٢٥:**

**هەر کەسـەکی نیشـتەجێی وڵات و هەر هـاوڵاتییەکی پەڕاگەنـدەبوو بـێ هیچ جۆر و شێوە جوداکارییەک و بـێ هیـچ مەرجەک وە یەکسـانیی مـافی هاوڵاتییبوونیـــان هەیە و هەر دەمەکـــیش ئـــازادن لەوەی کـــۆچی کـــاتیی**

بکەن و بگەڕێنەوە یان کۆچی یەکجاریی بکەن و ناسنامەی نیشتیمانیی خۆیان بگۆڕن و دیسان بگەڕێنەوە و ناسنامەی نیشتیمانیی خۆیان وەربگرنەوە.

**مادەی ٢٦:**

(جاڕی جیهانیی مافەکانی مرۆ و هەموو ئەو بەڵێننامە و پەیماننامە و ڕێکەوتننامە ناوچەیی و جیهانییانەی نێوەرۆکەکانیان خوازیاری ژیانەکی باشتری پڕ لە ئاشتیی و یەکسانیی و ئاسوودەیین و دان وە ماف و ئازادییە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ دەنێن و وە توندیی دژ وە شەڕ و برسێتیی و کاولکاریی و چەوسانەوەی ژنان و منداڵان و چەک و توندوتیژیی و نائارامیی و مادەی قاچاغ و تێکدان و پیسکردنی ژینگە و پێشێلکردنی مافەکانی گیانداران رادەوەستن) تەواوکەری دەستوورن و نابی یاسایەکانی وڵات دەگەڵیان ناکۆک بن.

**مادەی ٢٧:**

١- لە دەمەکدا خەڵکی بیانیی لە ڕێی فەرمییەوە وە نیازی کار یان گەشتوگوزار دێن وە پێی بەندەکانی نێو جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ هەڵسوکەوتیان دەگەڵ دەکرێ لێ هەموو ئەو مافانەی هاوڵاتییانیان نابی کە وە هۆی مانەوەی کاتیی پەیوەندیی بەوانەوە نییە هەروا نابی جێی کار و ئەو دەرفەتە لە سیخوڕیی و قاچاغیی و مافیایی و تیرۆر و هەر کارەکی نایاسایی وەکاربەن و وە هۆی توانای مادییان خەڵک وەکاربەن و یاسا و ڕێسایەکان پێشێل بکەن و شێواز و

باری ئاسایی ژیان بشێوێنن یان وە هۆی لاوازیی مادییان کاری نایاسایی ئەنجام بدەن.

٢- پەنابەران و داواکارانی پەنابەریی دەبی وە رێز و شکۆمەندییەوە تەماشا بکرێن و وە پێی بەندەکانی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و یاسا و رێسایە پەنابەرییە جیهانییەکان هەڵسوکەوتیان دەگەڵ بکریّ.

٣- هیچ پەنابەر و داواکارەکی پەنابەریی وە گەمارۆخستنەسەر ژیانی یان وە تۆبزیی یان وە زیندانیی نانێردرێتەوە وڵاتی خۆی و بەرەو هیچ وڵاتەکیش دەرناکریّ.. تەنیّ ئەو کەسە نەبی کە دەیەویّ سیخوڕیی و کاری قاچاغ و مافیایی و تیرۆر و کاری دیکەی نایاسایی ئەنجام بدا یان لە لایەن دەزگەیەکی سیخوڕیی و ئاژاوەگێڕیی یان تیرۆرییەوە دەنێردریّ.. ئەویش دەبی بنێردرێتەوە ئەو جێیەی لێیهاتیە یان لێیەوە نێردرایە، ئەگەر کەسەکیش وە هۆی تاوان یان هەر کارەکی دژە مرۆیی لە وڵاتی خۆی هەڵدیّ و دێتە نێو وڵات ئەوە لەو خاڵە سنوورییە دەردەکریّ کە لێیهاتیە، ئەگەر کەسەک لە دەمی داواکاریی پەنابەریی یان پەنابەریی لە نێو وڵات وە پێی بەندەکانی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ وە تاوانەک تۆمەتبار کرا ئەوە وەک هەر هاوڵاتییەک وە پێی یاسا و رێسایەکانی وڵات دادگەیی دەکریّ.

٤- هەر کەسەک کە داوای پەنابەریی دەکا دەبی وە پێی مافە جیهانییەکانی پەنابەریی هەڵسوکەوتی دەگەڵ بکریّ و لە ماوەیەکدا وە پێی توانای خۆی لە (وەرگرتنی زانیارییەکان، تێگەیشتنی لە یاسا و رێسایەکان و چۆنیەتیی ژیانی کۆمەڵایەتیی نێوخۆ، فێربوونی یەکەک

**له زمانەکانی وڵات - وە هەڵبژاردنی خۆی - وە ئاخافتن و خووندن و نووسینەوە، ناسینی مافی مرۆڤ وە گشتیی و مافەکانی پەنابەران وە تایبەتیی) له پەیمانگەی تایبەت وە وەرگرتنی مافی پەنابەریی بخوونی و بڕوانامه وەدەستبهینی.**

**٥- له دەمەکدا داواکاری پەنابەریی مافی پەنابەریی وەردەگری - بێجگه له مافەکانی هاتوچۆی وڵاتی خۆی و کاری چەکداریی و خۆهەڵبژاردن و هەڵبژاردن و راپرسیی و یەکگرتنەوە دەگەڵ خێزانەکەی - هەموو ماف و ئازادییەکی هەیە وەک هەر هاوڵاتییەکی دیکە و هەروا له ماوەی ساڵەک یان کەمتر دەخرێتە ژێر چاودێریی کە ئایە دەتوانی وەک هەر هاوڵاتییەک رێز له یاسا و رێسایەکان و شێوازی ژیانی ئاسایی وڵات بگری و دەگەڵیان بگونجێ.. ئەگەر کێشەی نەبوو ئەوە مافی هاوڵاتیبوونی پێدەدرێ ئەگەر نا ئەوە ئەو ماوەیە دووبارە یان چەندباره دەکرێتەوە تا دەردەچی و دەتوانی وەک هەر کەسەکی دیکەی وڵات بژی.**

**٦- له دەمەکدا پەنابەر مافی هاوڵاتیبوون وەردەگری سەرەڕای ئەوەی وەک هەر هاوڵاتییەکی دیکه هەموو ماف و ئازادییەکی دەبی مافی هاوردنی خێزانەکەشی (هاوسەر و منداڵەکانی) دەبی وە مەرجەک منداڵەکانی له ١٨ ساڵ پتر نەبن.**

**٧- ئەگەر هەر (پەنابەرەک یان داواکارەکی پەنابەریی)ی سیاسیی هەستیکرد کە له وڵاتی خۆی مەترسیی لەسەر گیانی نەمایه و ناچەوسێندرێتەوە و دەتوانی لەوێ بژی و وە ئارەزووی خۆی بڕیاری گەڕانەوەی دا ئەوە لەسەر حکومەتە وە بڕە پارەیەک هاوکاریی بکا.**

٨- ئەگەر هەر (پەنابەرەک یان داواکارەکی پەنابەریی)ی ئابووریی هەستیکرد ئیتر دەتوانی لە وڵاتی خۆی بژی و وە ئارەزووی خۆی بڕیاری گەڕانەوەی دا ئەوە لەسەر حکومەتە هاوکاریی بکا.

٢- ئەرکەکان:

مادەی ٢٨:

١- ڕێزگرتن لە ویست و ئامانجەکانی گەل و پابەندبوونی تەواو وە جێبەجێکردنی پێشنیار و ڕاسپاردە و بڕیارەکانی لە چارچیوەی ئەو دەستوور و یاسا و ڕێسایانەی سیستەمی گشتیی ژیان و دەسەڵات کە گەل خۆی هەڵیاندەبژێری ئەرکی تاک وە تاکی هاوڵاتییان و تێکڕای دەسەڵاتەکانی وڵاتە.. وە مەرجەک ڕێ لەو داهێنان و بەشدارییە فەلسەفیی و هزریی و سیاسیی و کۆمەڵایەتییە تاک و وەکۆمەڵانە نەگیردرێ کە لە لایەن کەسایەتییە بێلایەن و لایەنە جوایەزەکان و بەرهەڵستکارەکانی پێشتر و تازە پەیدابووەکان پێشکەش دەکرێن.. بەڵکە وە پێچەوانەوە لەسەر دەسەڵاتەکان پێویستە هاوکارییان بکەن و هاندەری هەمەڕەنگیی و فرەلایەنیی بن تا ئەوانیش ڕۆڵی خۆیان لە تازەکردنەوەی شێوەی سیستەمی ژیان و دەسەڵات وە جۆری باش و باشتر بگێڕن.

٢- پاراستن و گەشەپێکردنی ئەو بڕە چەسپاوە لە دەستکەوتە جوان و بایەخدارەکانی نێو سیستەمی ژیان و حوکم کە بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی دوورودرێژی گەلانی کوردستان و سەرجەمی مرۆڤەکانن لە

تێکڕای جیهان - ئاشتیی و ئاسایش، ئازادیی و یەکسانیی، یەکێتیی و سەروەخۆیی، ئارامیی و ئاسوودەیی.. - ئەرکی سەرشانی هاوڵاتییان و دەسەڵاتەکانە پێکەوە.

٣- پاراستن و وەبەرهێنانی ئەو سامانە سروشتیی و ناسروشتییانەی کە سامانی گشتیی میللەتن دەکەویتە ئەستۆی جەماوەر وە گشتیی و دەسەڵاتەکان وە تایبەتیی.. وە جۆرێک کە وە پێی پێشکەتنی زانست و تەکنەلۆژیا و پێویستییەکانی ژیان و گوزەرانەکی سەردەمییانە و سوودمەندبوونی گشتیی وەبەربهێندرێن.

٤- دابینکردنی هەموو ئەو بیمە و بەخشش و کۆمەک و داهاتە راژەکارییە گشتیی و تایبەتییانەی کە لە بەشی یەکەمی ئەو دەروازەیە هەن ئەرکی سەرشانی دەسەڵاتەکانە و دەبی وە شێوەیەکی رێکوپێک بگەیەندرێنە هاوڵاتییان هەروا وە پێی چوونەسەری نرخ و دەرکەوتنی پێویستییەکانی ژیان و گوزەرانی تازە پتر بکرێن و پێویستییە نوێیەکانیش دابینبکرێن.

٥- باج:

١- باج تاکە پارە وەرگرتنە لەو هاوڵاتییانەی کاردەکەن یان کاردەکەن و خاوەنکارن یان تەنێ خاوەنکارن یان جۆرە بیمەیەکی لەکاردابڕان وەردەگرن.. هەر باجەکیش دەخرێتە سەر خەزێنەی وڵات.
٢- رێژەی باجەکان.

ئ- کرێکار - حکومیی یان خەڵکیی - ١٠٪ی دەستکەوتی کارەکەی.
ا- فەرمانبەر - حکومیی یان خەڵکیی - ١٥٪ی دەستکەوتی کارەکەی.

ب- خاوەنکار - حکومیی یان خەڵکیی - ٢٥٪ی قازانجی کارەکەی.
ئەگەر خاوەنکار لە نێو کارەکەی خۆی کاریش بکا ئەوە بێجگە لە باجی دەستکەوتی خاوەنکارییەکی دەبی وە پێی دەستکەوتی کارەکەشی - کرێکار یان فەرمانبەر - باجی خۆی بدا.
پ- کەرتی هەرەوەزیی جۆتیاران و حکومەت ١٥٪ و کەرتی هەرەوەزیی جۆتیاران ١٠٪ و کەرتی تایبەتی جۆتیاریی ٢٥٪ی قازانجەکانین وەک باج دەدەن.

٦- هەر بازرگانەک (هاوڵاتیی یان بیانیی) دەبی ٢٥٪ی قازانجی کارە بازرگانییەکەی وە قازانجی پارە گۆڕینەوەکەشی وەک گومرگ بدا.

٧- وە پێی ئاستی پارەی پاشەکەفتی وڵات و رەچاوکردنی ژیان و گوزەرانەکی چاک و شیاو رێژەی باج و گومرگ وە بڕیاری ٣/٤ی ئەندامانی پەرلەمان دەگۆڕدرێن.

# دەروازەی سێیەم:

## دەسەڵاتەکان:

١- ئەنجوومەنی یاسادانان (پەرلەمان).
٢- جێبەجێکردن:
١- دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار.
٢- ئەنجوومەنی وەزیران (حکومەت).
٣- ئەنجوومەنی میللیی.
٤- ئەنجوومەنی دادوەریی.
٥- ئەنجوومەنی میدیا.
٦- ئەنجوومەنی هێزی بەرگریی (پێشمەرگە و پۆلیس).

## ١- ئەنجوومەنی یاسادانان (پەرلەمان):

**مادەی ٢٩:**

١- پەرلەمان پێکدێ لە تێکڕای ئەو ئەندامانەی کە لە هەڵبژاردنەکی گشتیی جەماوەریی و ئازاد و نهێنیی هەڵدەبژێردرێن وە لێدەرکردنی ئەو ئەندامانەی کە لە نێو کۆی ئەندامانی لایەنی براوەی نێو پەرلەمان دیسان لە هەڵبژاردنەکی گشتیی جەماوەریی و ئازاد و نهێنیی وەک سەرکۆمار و جێگرەکەی و ئەندامانی کابینەی حکومەت و راوێژکار و جێگری ئەنجوومەنی باڵای هێزی بەرگریی هەڵدەبژێردرێن و

**له پەرلەمـان جـوداده‌کرێنەوه.. واته ئەنـدام پەرلەمانەکـانی لایەنـی بــراوه ژمارەیــان کەم دەبــنەوه، مەرجه هەر یەک لەو پۆســتانەش وه لایەنی کەم دوو پالێوراوی هەبی.**

**٢- شـێوەی هەڵبژاردنـی پەرلەمـان (تــاکیی، سەرتاسـەریی، گشـتیی، ئازاد، نهێنیی)یه واته هەر کەسەک وه ئازادیی خۆی لایەندار بـی یـان بـێلایەن وه نــاوی کەسـیی خـۆی - نەک لیسـت - خـۆی دەپـالێویّ و دەنگـدەران له چـارچیوەی سەرتاسـەریی وڵات دەنگـی پێـدەدەن و گشـت جەمـاوەر - بـێجگه لەوانەی له خـوار ١٨ سـاڵ دان - بەشـداریی تێـدا دەکەن و هەر کەســەک وه شــێوەیەکی ئــازاد و نهێنیــی و راســتەوخۆ هەڵدەبژێردریّ.. ژمارەی ئەنـدامانیش وه پێـی رێـژەی دانیشـتوان که له نێــو ٥٠ هەزار کەس یەک ئەنــدام دەردەچــی.. براوەکــانیش وه پێــی وەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکان و ژمارەی پێویست دەردەچن.**

**٣- مـانگەک بەر له هەڵبــژاردن لێژنەیەکـی بێلایەنـی هەڵبژێــردرا له لایەن گەل له مــاوەی ١٥ رۆژ فــۆرمی خۆپــالێوان تــاوتوو دەکــا و وه پێوانەی کۆمەڵەک مەرجی وەک دەستپاکیی و مرۆدۆستیی و ژیاندۆستیی و... هتـد دەیانپــالێوی و ناوەکانیــان بڵاودەکـاتەوه و له سـەرەتای ١٥ رۆژی دووەمیش بـودجەیەک وه مەبەستی بـانگەشەی هەڵبـژاردن دەخـاته بەردەستی هەر یەکەکیان.. هەر ئەو لێـژنەیەش بەرپـرس دەبـی له هەر لادان و ســەرپێچییەک که پــالێوراوان له دەمــی بانگەشــەدا ئەنجــامی دەدەن و دەبی وه رێکاری یاسایی رێیان لێبگردریّ.**

٤- پالێوراو نابی تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر بی و لە هەردوو رووی جەستەیی و دەروونیی هێندە نەخۆش نەبی کە رێ لە کارکردنی بگری هەروا نابی لە دەمی پالێوراوییدا هیچ پێگەیەکی حکومیی و دینیی و هیچ بەرپرسییەکی کۆمەڵایەتیی هەبی.

٥- پاش دوو هەفتە لە هەڵبژاردن ئەندامانی پەرلەمان یەکەم کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجام دەدەن.. سێ کەس لەوانەی زۆرترین دەنگیان هەیە وە پێی پلەی دەنگەکان دەبنە سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆک و سکرتێری پەرلەمان.. هەر لەو کۆبوونەوەیەشدا لیژنەیەک لە نێو تێکرای ئەندامان هەڵدەبژێردرێ و رایدەسپێرن تا پەیرەوی نێوخۆی پەرلەمان دابنێ.. ئەگەر پەیرەوەکە لە ماوەی دوو ساڵ کێشەی هەبوو ئەوە دەتوانن لە دەستپێکی ساڵی سێیەمی دەستبەکاربوونیان دەستکاری بکەن وە مەرجەک ٣/٤ی ئەندامان پەسندی بکەن.

٦- لایەنی براوەی پەرلەمان جا یەک حیزب یان یەک لایەن بی یان هاوپەیمانیی بی دەبی ٣/٤ی ژمارەی کۆی کورسییەکانی وەدەستهێنابی، پەرلەمان لە دووەم کۆبوونەوەی رۆژی دووەمیدا وە بڕیارەک دەمی هەڵبژاردنەکی گشتیی جەماوەریی - لە دوو هەفتە پتر نەبی - رادەگەیەنی تا سەرکۆمار و جێگرەکەی و سەرجەمی ئەندامانی کابینەی حکومەت وە سەرۆک و جێگرەکەیەوە و راوێژکار و جێگری ئەنجوومەنی باڵای هێزی بەرگریی هەڵبژێردرێن.. وەک هاوکار و یارمەتیدەری لایەنی براوەش سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکە دەکا.. دەبێ ئەنجامی بێ ساختەی هەڵبژاردنەکەش پەسند بکا و یارمەتیی حکومەتیش بدا لە رێکخستنی یەکەم کۆبوونەوەی.

**٧- کۆبوونەوە ئاسایی و نائاساییەکانی پەرلەمان وە ئامادەبوونی پتر لە نیوەی کۆی ئەندامان یاسایی و پەسندکراو دەبن.**

**مادەی ٣٠:**

## دەسەڵات و کارەکانی پەرلەمان:

**١- یاسادانان کاری سەرەکیی پەرلەمانە وە مەرجەک دەبی هەر یاسایەکی تازە لە لایەن پتر لە نیوەی ئەندامان پەسند بکریٚ.**

**٢- هەموارکردن یان هەڵوەشانەوەی یاسا وە مەرجەک لە لایەن ٢/٣ی ئەندامان و پاشان لە لایەن ئەنجوومەنی میللیی پەسند بکریٚ.**

**٣- هەمووارکردنی دەستوور وە مەرجەک لە لایەن ٣/٤ ئەندامان و پاشان لە لایەن ئەنجوومەنی میللیی و ئەوجا لە لایەن دادگەی باڵا - دەستووریی - پەسند بکریٚ.**

**٤- پەرلەمان وە پشتبەستن وە رای گشتیی سەرچاوەی سەرەکیی هەر بڕیار و پرسوڕاپێکردنەکە لەسەر هەر کێشەکی چارەنووسسازی وڵات هەروا بڕیاردەرە لەسەر یەکلاییکردنەوەی هەر کێشەیەکی نێو دەسەڵاتەکان کە رووبەڕووی گیروگرفت دەبیتەوە.**

**٥- پەرلەمان چاودێریی کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و هێزی بەرگریی دەکا و هەر مانگەی جارەک کۆبوونەوەیەکی تایبەت دەگەڵ سەرۆکی دەسەڵاتەکان دەربارەی کارە پەیوەندییدار و هاوبەشەکان ئەنجام دەدا.**

٦- پەرلەمــان وە پشتبەســتن وە دادگەی بــالا و وە دەنگــی ٣/٤ی کــۆی ئەنــدامەکانی بەرپرســە لە متمــانەدان و لێپرســینەوە و لادانــی هەر ئەنــدامەکی خــۆی و ســەرکۆمار و جێگــرەکەی و ســەرۆکی وەزیــران و جێگــرەکەی وەزیرەکــان و کــارگێڕ و جێگــری ئەنجــوومەنی بــالای هێــزی بەرگریی.

٧- ســەرۆک و جێگــر و ســکرتێر و ســەرکۆمار و جێگــرەکەی و ســەرۆک وەزیــران و جێگــرەکەی و وەزیرەکــان و راوێژکــار و جێگــری ئەنجــوومەنی هێــزی بەرگــری کە کورســییەکانیان وە هــۆی وازهێنــان یــان لادان یــان نەخۆشیی درێژخــایەن و پەککەوتەیــی و مــردن چــۆڵ دەبــن.. لە لایەن پەرلەمانەوە لەو کەسانە پڕدەکرێنەوە کە لە هەڵبژاردنی ئەو پۆستانە دووەم زۆرتــرین دەنگیــان هەیە، لــێ ئەنــدام پەرلەمــان لەو بــارانەدا کورســییەکەی هەر وە چــۆڵیی دەمینێــتەوە تــا هەڵبراردنەکــی دیــکەی پەرلەمان.

٨- دەبــی پەرلەمــان وە پێــی پەیــڕەوە نێوخــۆییەکەی - کە ســەرجەمی ژیانی نێوخۆی رێکدەخا - کار بکا.

٩- یەک مانگ پێش کۆتایی هەر ساڵەک بودجەی گشتیی و هەر کارەکی دیــکەی مــادیی پەیوەنــددار و بــودجەی پەرلەمــان پەسند دەکــا.. یەک مانــگ و نیــو پــێش کۆتــایی خولە ٤ ســاڵییەکەی بڕیــاری هەڵبژاردنــی پەرلەمانی نوێ دەدا.

١٠- رۆژی سێیەمی کــاری هەر ئەنــدام پەرلەمــانەک لە هەفــتەدا دیتنــی جەمــاوەرە لە نووســینگەی تــایبەتیی خــۆی کە پێویســتە وە شــێوەیەکی ئاسایی لەو جێیە بی کە زۆرترینی دەنگدەرەکانی لەوێن.

**مادەی ٣١:**

**پەرلەمـــان وە هـــیچ جـــۆر و شـــێوەیەک لە بەرانـــبەر هـــیچ کەس و دامەزراوەیەک نە دەستبەرداری دەسەڵاتەکانی خۆی دەبی و نە کارەکـانی خۆی وەدوادەخا یان پەکدەخا.**

**مادەی ٣٢:**

**١- ماوەی کـاری ئەنـدام پەرلەمـان ٤ سـاڵی رێکە.. دەمەکـانی کـارەکەی وەک هەر فەرمانبەرییەکی ئاسایی ٥ رۆژی ٧ کاژێرییە لە هەفتەیەکدا.**

**٢- مـــافی ئەنـــدام پەرلەمـــانە هەر پێشـــێلکارییەک لە هەر مـــاف و ئازادییەکی خۆی و هاوڵاتییان و لە هەر کار و پلان و پرۆژەیەکی خۆی و خەڵک و حکومەت بباتە پەرلەمان و پێشێلکەر سزای خۆی وەربگری.**

**٣- ئەنـــدام پەرلەمـــان بـــێ لەبەرچـــاوگرتنی هـــیچ جـــۆر و شـــێوە پەیوەســـتبوونەک نـــوێنەری گەلە نەک نـــوێنەری پێکهـــاتەی دینیـــی، رەگەزیی، نەتەوەیی، خێڵەکیی، ناوچەیی، و... هتد.**

**٤- ئەنـدام پەرلەمـان نـابی هیچ کـارەکی دیکە بکـا.. دەمەکـانی کـاری ئەندام پەرلەمانییەکەی وە راژە دەژمێردرێ.. پاش کۆتـاییهـاتنی مـاوەی ئەندام پەرلەمانییەکەی ئەگەر پێشتر کاری هەبـووبی و کـارەکەی مـابی مافی ئەوەی هەیە بگەرێتەوە سەر کـارەکەی، ئەگەر کارەکەشی نەمـابی ئەوە لە هەمـــان ئەو ســـوودانە بەهرەمەنـــد دەبـــی کە هاوپیشـــەکانی پێشتری لێ بەهرەمەند بوونە.**

٥- هەر کەسەک دەتوانی تەنێ لە ٢ خولدا ببیتە ئەندام پەرلەمان وە مەرجەک دەنگەکانی دووەم خولی لە یەکەم پتر بن ئەگەر تەنانەت وە یەک دەنگیش بی.

٦- ئەندام پەرلەمان وەک فەرمانبەرەکی پەرلەمان بێجگە لە ماف و ئازادییە تایبەتییەکانی خۆی هەموو ئەو ماف و ئازادییانەشی هەیە کە هاوڵاتییان هەیانە تەنێ هەبوونی کار و پڕۆژەی مادیی و جێهێشتنی وڵات نەبی.

٧- ئەندام پەرلەمان ئازادە لەوەی بێ ڕێگرتن و وەکاربردنی هیچ جۆرە پاڵەپەستۆیەک لە سەری هەر دەمەک بیەوێ دەستبەرداری کارەکەی ببی.

٨- دەبی کرێی هەفتانەی کاری ئەندام پەرلەمان دەگەڵ کار و ژیانەکەی بگونجێ و لە کرێی هەفتانەی کرێکارەکی شارەزا کە ژیان و گوزەرانەکی ئاسایی هەیە پتر نەبی.. ئەوەش دەگەڵ ماف و ئەرک و ئازادییەکانی لە پەیڕەوی نێوخۆی پەرلەمان تۆمار بکرێ.

مادەی ٣٣:

لێژنەی یاسایی پەرلەمان و هەر لێژنەیەکی کاتیی و هەمیشەیی، ماف و ئازادیی و ئەرکەکانی ئەندامان، ڕێوشوێنی دامەزرانی فەرمانبەران و کرێکارانی سەر وە پەرلەمان، دیارکردنی دەمی کۆبوونەوە ئاسایی و نائاساییەکان، هەر کاروبار و بابەتەکی دیکەی نێوخۆی پەرلەمان

دەبی وە شێوەیەکی یاسایی و ڕۆشن لە نێو پەیڕەوی نێوخۆی پەرلەمان جێی خۆیان بگرن.

**مادەی ٣٤:**

ئەو بارانەی کە پەرلەمانیان لێهەڵدەوەشێتەوە:

١- کە ٣/٤ی ئەندامەکانی بڕیاری هەڵوەشانەوەی دەدەن.

٢- ئەگەر پتر لە نیوەی ئەندامەکانی دەستیان لەکارکێشاوە.

٣- کە کابینەی نوێی پەرلەمان یەکەم کۆبوونەوە ئەنجام دەدا.

٤- ئەگەر پەرلەمان دەستوور و یاسایەکان جێبەجێ نەکا، رای گشتیی جەماوەر ژێر پێ بنێ، نەتوانی وەسەر ئاسایش و برسێتیی و گەندەڵیی زاڵ بی، وە تاکڕەویی و کەونەپارێزیی لایەنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن رازیی بی، بڕیارەکانی ببنە هۆی داگیرکردنی وڵاتەکی دیکە، وڵات دووچاری شەڕەکی نەخوازرا یان شەڕی نێوخۆ بکا.. وە مەرجەک ئەنجوومەنی میلییی وە پشتبەستن وە وەڕاستگەڕانی هەر یەک لەو پێشێلکارییانە لە دادگەییەکی دادگەی باڵا و ئەرێی سەرجەم ئەندامانی دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار بڕیاری هەڵوەشانەوەی بدا.

## ٢- جێبەجێکردن:

### ١- دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار:

**مادەی ٣٥:**

١- دیوانی سەرۆکایەتیی لە سەرۆک و جێگرەکەی و هەردوو سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و ئەنجوومەنی میللیی و هەر سێ راوێژکاری ئەنجوومەنی دادوەریی و ئەنجوومەنی بەرگریی و ئەنجوومەنی میدیا پێکدێ.

٢- سەرۆکی کۆماری کوردستانی باشوور سەرۆکی گشتیی دیوانی سەرۆکایەتیی و نوێنەری گەلانی کوردستانە لە بۆنە نێودەوڵەتیی و نیشتیمانیی و نەتەوەییەکان.

٣- سەرکۆمار و جێگرەکەی وە پێی خاڵی شەشەمی مادەی ٢٩ لە بەشی یەکەمی دەروازەی سێیەم هەڵدەبژێردرێن، لێ وە مەرجەک ململانێی بوونە سەرکۆمار لە ئارادا بێ.. واتە دەبێ وە لایەنی کەم دوو کەس پالێوراوی سەرکۆمار بن.. ئەوەی زۆرترین دەنگ دەهێنێ دەبێتە سەرکۆمار و دوای ئەویش دەبێتە جێگر.

٤- ماوەی کاری سەرکۆمار و دیوانەکەی وە هەمان شێوەی پەرلەمان چار ساڵە.. ئەگەر لە هەڵبژاردنی تازەی پەرلەمان دیسان هەمان لایەنی براوە سەرکەوتنی وەدەستهێنا ئەوە هەمان سەرکۆمار و جێگرەکەی دەتوانن وەک جاری پێشتر خۆیان بپالێون.. لێ ئەگەر هێندەی جاری پێشتر دەنگیان نەهێنایەوە ئەوە دەبێ چەند کەسەکی دیکە هەر لە

لایەنی براوە خۆیان بپالێون، هیچ کەسەک ناتوانی لە دوو جار پتر پۆستی سەرکۆمار یان جێگری سەرکۆمار وەربگری.

٥- دەبی کرێی هەفتانەی سەرکۆمار و جێگرەکەی دەگەڵ کار و ژیانیان بگونجێ.. ئەو کرێیەش دەگەڵ کرێی هەفتانەی فەرمانبەران و کرێکاران و دەرماڵەی دیوانی سەرۆکایەتیی وە یاسایەک دیاربکرێن.

٦- جێگر ئاگادار و یارمەتیدەری هەموو کاروبارەکی سەرکۆمار دەبی و لە دەمی حەسانەوە یان ئامادەنەبوونی سەرکۆمار کاروبارەکان دەگریتە ئەستۆی خۆی هەروا دەتوانی سکاڵا و رەخنەکانیشی لە پەرلەمان ئاراستەی سەرکۆمار بکا و هەر کەموکوڕییەکی دیوانیش بخاتەڕوو.

٧- ئەگەر سەرکۆمار خۆی وازیهێنا یان لادرا یان کۆچی دوایی کرد یان بووە پەککەوتەی هەمیشەیی.. ئەوە جێگرەکەی جێیەکەی دەگریتەوە و لە پەرلەمانیش جێگرەکی دیکە وە هەمان رێی دەستووریی هەڵدەبژێردرێتەوە، لێ ئەگەر جێگر دووچاری یەکەک لەو بارە نێوبرایانە هات ئەوە کەس جێی ناگریتەوە بەڵکە دەبی کەسەکی دیکە لە لایەن پەرلەمان وە هەمان رێی دەستووریی هەڵبژێردرێتەوە.

مادەی ٣٦:

دەسەڵاتەکانی سەرکۆمار و دیوانەکەی:

١- دەسەڵاتی سەرکۆمار دەسەڵاتەکی وەکۆمەڵە لە نێو دیوانی سەرۆکایەتیی.. دەبێ وە لایەنی کەم ٧/٥ی ژمارەی ئەندامانی دیوان

ڕەزامەنـدیی خۆیـان لەسـەر دەرکردنـی هەر بڕیـار و فەرمـانەک و هەر پێشـنیارکردن و وەدواداچـوون و پەسـندکردنەک دەرببـڕن کە سـەرکۆمار دەیەوێ ئەنجامیـان بـدا.. هەر ئەنجامـدانەکیش لەوانە دەبـی وە نـاوی خۆی و دیوانی سەرۆکایەتییەوە تۆمار بکرێ.

٢- ئەگەر هەر یاسـا و بڕیـار و فەرمـانەک کە لە لایەن پەرلەمـانەوە رادەگەنـدرێ رووبەڕووی نـاڕەزاییەکی بەرچـاوی جەمـاوەریی بـۆوە ئەوە هێـزی یاسـایی نـامینێ تـا وە ڕەزامەنـدیی سـەرکۆمار و دیـوانەکەی فەرمـانی پێـدەرنەچی.. لـێ ئەگەر دیـوان پەسـندی نەکـرد ئەوە دەگەڵ ڕەخنە و را و تێبینییەکانی خۆیان دەینێـرنەوە پەرلەمـان.. ئەگەر نیـوە یان پتری ئەو ڕەخنە و را و تێبینییـانە لەبەرچـاوگیران ئەوە ڕێچکەی یاســایی خــۆی وەردەگــریتەوە.. ئەگەر نــا ئەوە پەرلەمــان وە بـانگهێشتکردنی سەرکۆمار و دیوانەکەی لە کۆبـوونەوەیەکی نائـاسـایی وە ڕەچـاوکردنی ناڕەزایەتییەکـانی جەمـاوەر و راوبۆچوونەکـانی دیـوان دوا بڕیاری خۆی وەردەگرێ.

٣- سـەرکۆمار وە ڕەزامەنـدیی دیـوانی سـەرۆکایەتیی دەتـوانی لە ژێـر رۆشـنایی دەسـتوور و پشتبەسـتن وە دەقـی خـاڵ و مادەکـانی پێشـنیاری پـرۆژەی هەر یاسـا و بڕیـارەک بکـا.. لـێ پەرلەمـان ئـازادە لەوەی وە یەکجـاریی ڕەتیبکـاتەوە یـان کـاری لەسـەر بکـا و سـەرەنجام بڕیـاری لەسەر بدا.

٤- سەرکۆمار دەتوانی وە تەنێ یان وە هاوکـاریی هەر یەک لە سەرۆکی ئەنجـوومەنی میللیـی و راوێژکـاری ئەنجـوومەنی دادوەریـی و راوێژکـاری ئەنجــوومەنی میــدیا هەر ٦ مانــگ جــارەک - ئەگەر پێویســت بکــا -

کۆبـوونەوەیەکی نائاسـایی وە پەرلەمـان سـاز بکـا لەسـەر پاراسـتنی دەستوور و یاسایەکان و بەرانگژبوونەوەی تونـد دژ وە پێشێلکارییەکانی مافەکـانی مـرۆڤ و رای گشـتیی و تێکـڕای مـاف و ئازادییەکـانی هاوڵاتییـان و وە رەزامەنـدیی پتـر لە نیـوەی ئەنـدامانی پەرلەمـانیش بڕیاری پێویست لەسەر کێشە پەیوەنددارەکان وەربگری.

٥- دەرکردنـی فەرمـانی دیوانی سەرۆکایەتیی سەبارەت وە هەڵبژاردنـی گشـتیی پەرلەمـان لەو دەمـانەی وە یەکەک لە خـاڵەکـانی (١، ٢، ٤)ی مادەی ٣٤ بەشی یەکەمی دەروازەی سێیەم پەرلەمان هەڵدەوەشێتە.

٦- پەسندکردن یـان پەسـندنەکردنی سزای زینـدانیی هەمیشـەیی.. لە ماوەی یەک تـا دوو ساڵ بڕیار لەسـەر پێکهینـانی لیژنەیەکـی فرەلایەن بــدا تـــا لێکـــۆڵینەوەیەکی هـــوورد لە هەمـــوو رووە یاســـایی و کۆمەلایەتییەکـان لەسـەر ئەو جۆرە زینـدانییانە بـدا و دڵنیـا ببـی لە راستیی و دروستیی یان چەوتیی و ناتەواویی بڕیارەکانی سزادانەکان.. ئەگەر راست و دروست بوون ئەوە پەسندیان بکاتەوە لێ ئەگەر چەوت و نــاتەواو بــوون ئەوە وە فەرمــانەکی دیــوان بڕیـــار بــدا کێشــەکان و بڕیارەکـانی سزایەکان بـدرێنە دادگەی پێـداچوونەوە تـا دادگەییکردنـی تـازە ئەنجام بدا.

٧- کەمکـردنەوەی مـاوەی سـزای زینـدانییان - بـێجگە لە تـاوانبـارانی کارەسـاتەکان و کوشتنی وە ئەنقەست - وە مەرجەک ئەو کەمکردنەوانە تەنــێ ئەو کەســانە بگــریتەوە کە دەتوانــدرێ لە ژێــر سەرپەرشــتیی لیژنەیەکـی پسـپۆڕ و وە بەرنـامەیەکی زانسـتییانەی هـوورد کـۆمەڵەک چاککاریی کۆمەلایەتییان لەسەر بکرێ هەروا لیژنەکە دڵنیـا بـی لەوەی

هەر زیندانییەک کە دەگەڕێندرێنەوە نێو کۆمەڵ دیسان تاوان و کاری خراپ ئەنجام نادا.

٨- دەرکردنی فەرمان لەسەر ئاگادارکردنەوە و خۆئامادەکردنی هێزی پێشمەرگە لە بەرانبەر هەر مەترسیی و نیازەکی شەڕخوازانەی دەرەکیی، لە دەمەکیشدا کە وە زۆر شەڕ هەڵدەگیرسێنن ئەوە وە زووترین کات وە فەرمانی دیوان کۆبوونەوەیەک لە نێو تێکڕای دەسەڵاتەکان ساز دەکا تا وە وەرگرتنی بڕیارەکی وەکۆمەڵ داوای نێوبژیی لە وڵاتان و نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵە ئاشتیخوازەکان بکا.. ئەگەر بەوەش چارنەکرا ئەوە لە کۆبوونەوەی دووەم وە هەمان شێوە و وە بڕیاری وەکۆمەڵ و وە ڕەزامەندیی راوێژکار و فەرماندەی هێزی بەرگریی نیشتیمانیی شەڕی بەرگریی رادەگەیەندرێ تا مەترسییەکانی داگیرکردن دەڕەونەوە و ئاشتیی دەچەسپێ.

٩- وە فەرمانی دیوانی سەرۆکایەتیی و وە ڕەزامەندیی پەرلەمان باری نائاسایی یان قەدەغەکردنی هاتوچۆ وە پێی پێویست وە هۆی (مەترسییەکانی جەنگ، داگیرکاریی، کاری تیرۆریستیی و مافیایی، کارەساتی سروشتیی، بڵاوبوونەوەی پەتا) رادەگەیەنی.

١٠- بەخشینی نیشانە و خەڵاتی تایبەت وە کەسانی هەرە چالاک و داهێنەرە هەرە بەرزەکانی هەموو بوارەکان وە مەرجەک لە هەر بەخشینەکی هەر بوارەک ڕەزامەندیی ئەندامانی لێژنەی لووتکەی هەرە بەرزی ئەو بوارە وەرگیرابی.

## ٢- ئەنجوومەنی وەزیران.

**مادەی ٣٧:**

**١- ئەنجوومەن لە سەرۆک و جێگرەکەی و وەزیرەکان پێکدێ.. پەرلەمان لە دووەم کۆبوونەوەیدا بڕیاری هەڵبژاردنەکی گشتیی جەماوەریی ئازاد و نهێنیی دەدا تا ئەنجوومەن لە پالێوراوانی لایەنی براوە هەڵبژێردرێن کە ماوەی کارکردنیان ٤ ساڵە.. ژمارە و شێوازی کارکردنی وەزارەتەکانیش هەر لە دەسەڵاتی پەرلەمان دایە، دەبی وە لایەنی کەم دوو پالێوراو لەسەر وەدەستخستنی هەر پۆستەکی ئەنجوومەن بکەونە ململانێ.**

**٢- ئەنجوومەنی وەزیران ئەنجوومەنەکی جێبەجێکار و کارگێڕە.. وە پشتبەستن وە نێوەرۆکی دەقی دەستوور هەموو ئەو یاسا و بریار و رێنمایی و فەرمانانەی کە لە لایەن پەرلەمانەوە رادەسپێردرێن وە شێوەیەکی رێکوپێک و یاسایی جێبەجێیان دەکا.. هەموو کاروبارە کارگێڕییەکانیشی وە سەروەخۆیی ئەنجام دەدا.**

**٣- ئەنجوومەن لە یەکەم کۆبوونەوەیدا بڕیاری دانانی پەیڕەوی نێوخۆ و بەرنامەی کارەکانی و دامەزرانی وەزارەتەکان دەدا.. لە سەرەتای ساڵی سێیەمی کارکردنی دەتوانی دەسکاریی پەیڕەوە نێوخۆیەکەی بکا وە مەرجەک ٣/٤ ئەندامەکانی پەسندی بکەن.**

٤- ئەنجوومەن لە ژێر ئاراستە و چاودێریی پەرلەمان کاردەکا و تەنێ ئەو کارانە رادەپەڕێنی کە راستەوخۆ پەیوەستن وە وەزارەتەکانی.. هەر وەزیرەکیش تەنێ خۆی بەرپرسە لە هەموو کاروبارەکانی وەزارەتەکەی.

٥- پەرلەمان دەتوانی لە هەر کەموکورییەکی ئەنجوومەن وە گشتیی و وەزارەتەکان وە تایبەتیی بپێچێتەوە و وە راوێژکردن وە دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار بڕیاری پێویست لەسەر هەر پێشێلکارییەکیان وەربگرێ تەنانەت ئەگەر بڕیارەکە بگاتە رادەی لادانی سەرۆکی ئەنجوومەن یان جێگرەکەی یان هەر وەزیرەک.

مادەی ٣٨:

ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی وەزیران:

١- جێبەجێکردنی سەرجەم یاسایەکان و هەموو ئەو بڕیار و فەرمان و رێنماییانەی کە لە پەرلەمانەوە دەردەچن.. هەروا جێبەجێکردنی هەموو ئەو بڕیار و فەرمان و رێنماییانەی خۆی کە لە بەڕێوەبردنی سیستەمی دەسەڵات پێویستی پێیان هەیە و دەریاندەکا وە مەرجەک دەگەڵ یاسایەکانی وڵات ناکۆک نەبن.

٢- ئەنجوومەن وە هاوکاریی دەگەڵ دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار پلان و پرۆژەی گەشەپێدانی سەرجەم لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵ و نەخشەی گشتیی بەڕێوەبردنی وڵات دادەنێ.. پەرلەمان مافی رەتکردنەوەی هێندەک یان هەموویانی هەیە لێ دەمەک رازیی دەبی لە سەریان ئەوە

تەنێ ئەنجوومەن لە ڕێی وەزارەتەکانی و دامودەزگەکانی جێبەجێیان دەکا و هەر خۆشی بەرپرس دەبی لێیان.

٣- وە پێی پێویست کۆبوونەوەکانی خۆی ئەنجام دەدا وە مەرجەک ماوەی نێوان دوو کۆبوونەوە لە یەک مانگ پتر نەبی.. دەبی سەرۆک وەزیران یان جێگرەکەی لە کۆبوونەوەی گشتیی نێوخۆی هەر وەزارەتەک ئامادەبێ.

٤- ئەنجوومەن لە ڕێی چاودێریی و لێپێچینەوە لە کارەکانی هێزی پۆلیس - کە دەبی هێزی بەرگرییکردن بی لە جەماوەر نەک ئالوودەبوون وە کاری سیخوڕیی و گەندەڵیی سیاسیی و سەرکوتکردنی ئازادیی و ژێرپێنانی مافەکانی هاوڵاتییان - بەرپرسە لە پاراستنی ئاسایشی نێوخۆ و ماف و ئازادییەکان.

٥- ئامادەکردن و پێشنیارکردنی پڕۆژەی بودجەی گشتیی ساڵانەی وڵات و پڕۆژەی هەر یاسا و بڕیارەکی گرنگ کە وە پێویستی دەزانی.. لێ تا پەرلەمان ڕەزامەندییان لەسەر دەرنەبڕی ناچنە واری جێبەجێکردن.

٦- ئەنجوومەن وە پشتبەستن وە بنەمایە یاساییەکان بەرپرسە لە بەڕێوەبردن و سەرپەرشتییکردنی وەزارەتەکان و دامودەزگەکان و سەرجەم شوێنە گشتیی و ڕاژەکارییەکان.

٧- وە هاوکاریی و پێکەوە دەگەڵ دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار و وە ڕەزامەندیی پەرلەمان سەرجەم پەیوەندییە بازرگانیی و ئابووریی و دیپلۆماسیی و سیاسیی و ڕۆشنبیریی و مرۆڤایەتییەکانی وڵات لە ژێر ڕۆشنایی دەستوور و یاسایەکان دەگەڵ وڵاتان ڕێکدەخەن.

٨- رۆژی سێیەمی کاری هەر وەزیرەک لە هەفتەدا دیتنی جەماوەرە لە نووسینگەی تایبەتیی خۆی.. ئەرکەکەشی وەرگرتنی پێشنیار و داواکاریی و سکالا و پێشێلکارییەکانە لە هاولاتییان و پاشان وە پێی نێوەرۆکی یاسا و ڕێسایەکان تاوتوویان دەکا و دەیانخاتە سەر هێلی ڕێکارە یاساییەکان.

مادەی ٣٩:

١- ماوەی کاری هەر یەک لە سەرۆک و جێگرەکەی و وەزیرەکان ٤ ساڵی ڕێکە.. دەمەکانی کار وەک هەر فەرمانبەرییەکی دیکەی ئاسایی ٥ رۆژی ٧ کاژێرییە لە هەفتەیەکدا.

٢- مافی هەر ئەندامەکی ئەنجوومەنە هەر پێشێلکارییەک لە هەر ماف و ئازادییەکی خۆی و هاولاتییان و لە هەر کار و پلان و پڕۆژەیەکی خۆی و خەڵک و حکومەت بباتە ئەنجوومەن یان پەرلەمان و پێشێلکەر سزای خۆی وەربگری.

٣- ئەندامانی ئەنجوومەن بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ جۆر و شێوە پەیوەستبوونەک نوێنەری گەل و وەزارەتەکەی خۆیانن نەک نوێنەری پێکهاتەی دینیی، رەگەزیی، نەتەوەیی، ناوچەیی، و... هتد.

٤- ئەندامی ئەنجوومەن نابی هیچ کارەکی دیکە بکا.. دەمەکانی کاری لە نێو ئەنجوومەن وە راژە دەژمێردرێ.. پاش کۆتاییهاتنی ماوەی کارەکەی ئەگەر پێشتر کاری هەبووبی و کارەکەی مابی مافی ئەوەی هەیە بگەڕێتەوە سەر کارەکەی، ئەگەر کارەکەشی نەمابی ئەوە لە

**هەمان ئەو سوودانە بەهرەمەند دەبی کە هاوپیشەکانی پێشتری لێ بەهرەمەند بوونە.**

**٥- هەر کەسەک دەتوانی تەنێ لە ٢ خولدا ببیتە ئەندامی ئەنجوومەن.. سەرۆک وەزیر و جێگرەکەشی وە هەمان شێوە.**

**٦- ئەندامی ئەنجوومەن وەک فەرمانبەرەکی ئەنجوومەن بێجگە لە ماف و ئازادییە تایبەتییەکانی خۆی هەموو ئەو ماف و ئازادییانەشی هەیە کە هاوڵاتییان هەیانە تەنێ هەبوونی کار و پڕۆژەی مادیی و جێهێشتنی وڵات نەبی.**

**٧- ئەندامی ئەنجوومەن ئازادە لەوەی بێ ڕێگرتن و وەکاربردنی هیچ جۆرە پاڵەپەستۆیەک لە سەری هەر دەمەک بیەوێ دەستبەرداری کارەکەی ببی.**

**٨- دەبی کرێی هەفتانەی کاری ئەندامی ئەنجوومەن دەگەڵ کار و ژیانەکەی بگونجێ و لە کرێی هەفتانەی کرێکارەکی شارەزا کە ژیان و گوزەرانەکی ئاسایی هەیە پتر نەبی.. ئەوەش دەگەڵ ماف و ئەرک و ئازادییەکانی لە پەیڕەوی نێوخۆی ئەنجوومەن تۆمار بکرێ.**

**مادەی ٤٠:**

**لێژنەی یاسایی ئەنجوومەن و هەر لێژنە و دامودەزگەیەکی کاتیی و هەمیشەیی، ماف و ئازادیی و ئەرکەکانی ئەندامان، ڕێوشوێنی دامەزرانی فەرمانبەران و کرێکارانی سەر وە ئەنجوومەن، دیارکردنی دەمی کۆبوونەوە ئاسایی و نائاساییەکان، هەر کاروبار و بابەتەکی**

دیکەی نێوخۆی ئەنجوومەن دەبی وە شێوەیەکی یاسایی و ڕۆشن لە نێو پەیڕەوی نێوخۆی ئەنجوومەن جێی خۆیان بگرن.

مادەی ٤١:

ئەو بارانەی کە ئەنجوومەنیان لێهەڵدەوەشێتەوە:
١- کە ٣/٤ی ئەندامەکانی بڕیاری هەڵوەشانەوەی دەدەن.
٢- ئەگەر پتر لە نیوەی ئەندامەکانی دەستیان لەکارکێشاوە.
٣- کە کابینەی نوێی ئەنجوومەن یەکەم کۆبوونەوە ئەنجام دەدا.
٤- ئەگەر ئەنجوومەن دەستوور و یاسایەکان جێبەجێ نەکا، رای گشتیی جەماوەر ژێر پێ بنێ، نەتوانی وەسەر ئاسایش و برسێتیی و گەندەڵیی زاڵ بی، وە تاکڕەویی و کەونەپارێزیی دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار و پەرلەمان رازیی بی، بڕیارەکانی ببنە هۆی داگیرکردنی وڵاتەکی دیکە، وڵات دووچاری شەڕەکی نەخوازرا یان شەڕی نێوخۆ بکا.. وە مەرجەک ئەنجوومەنی میلییی وە پشتبەستن وە وەڕاستگەڕانی هەر یەک لەو پێشێلکارییانە لە دادگەییەکی دادگەی باڵا و ئەرێی سەرجەم ئەندامانی دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار بڕیاری هەڵوەشانەوەی بدا.

### ٣- ئەنجوومەنی میللیی:

**مادەی ٤٢:**

**١- ئەنجوومەنی میللیی دەسەڵاتی سەروەخۆی میللیی و میکانیزمی کارگێڕیی و بەڕێوەبردنی راستەوخۆی ژیان و کاروباری جەماوەرە و لە خەڵکی ناحیزبیی و بێلایەن پێکدێ.**

**٢- شێوەی کاری ئەنجوومەن و هەڵبژاردنەکەی شوراییە و وە پێی گچکەترین ناوچەی کارگێڕیی و بەستانەوەی وە شێوەی هەڕەمیی تا لووتکە وە سەروەخۆیی ئەنجامدەدرێ.**

**مادەی ٤٣:**

**١- تێکڕای وڵات لەسەر ناوچەی ٥ هەزار کەسیی - هەر تەمەنەک - دابەشدەکرێ جا ئەو ناوچانە هەر یەکەیەکی دانیشتوان پێکبهینن، لە هەر ناوچەیەک ٥ کەس لە نێو ئەوانەی تەمەنیان ١٨ ساڵ و وەسەرێیە لە هەڵبژاردنەکی راستەوخۆ و ئازاد و نهێنیی وە زۆرینەی دەنگ هەڵدەبژردرێن و دەبنە ئەندامی ئەنجوومەنی ناوچەکە کە وە سادەیی بەو شێوەیە ئەنجامدەدرێ:**

**ئ- ئەنجوومەنی وەزیران سنوور و ناوی ناوچەکان و ناوی کەسانی ١٨ ساڵ و وەسەرێی لە هەر ناوچەیەک و دەم و جێی هەڵبژاردن دیاردەکا و پێویستییە میدیایی و مادییەکانی هەڵبژاردنیش دابیندەکا.**

ا- له كۆبوونەوەيەكی پەرلەمان هەر ئەندام پەرلەمانەك چەند ناوچەيەكی پێدەدرێ تا لە هەر ناوچەيەك لێژنەيەكی ٥ كەسیی - مەرجە خەڵكی ناوچەكە نەبن - پێكبهێنی.. ئەو لێژنەيە لە ماوەی دیاركرادا سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەكە دەكا، دەبی هەڵبژاردن لە هەموو ناوچەكان لە ماوەی یەك مانگ لە دەستبەكاربوونی ئەنجوومەنی وەزیران كۆتاییان بێ.

ب- خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردن لە یەك دەم ئەنجامدەدرێن.. هەر كەس ئازادانە دەتوانی خۆی بپالێوی.. سەرەتا دەنگدەران وە شێوەی ئازاد و نهێنیی دەنگ دەدەن لەسەر مافی خۆپاڵاوتنی هەر پالێوراوەك.. هەر پالێوراوەك ١٠٠٠ دەنگی (نەخێر)ی وەرگرت مافی خۆپاڵاوتنی پێنادرێ، پاشان هەڵبژاردن لەسەر ئەو پالێوراوانە دەكرێ كە دەمێننەوە و ٥ كەس لە نێویان هەڵدەبژێردرێ كە دووانیان وە پێی زۆرینەی دەنگەكان دەبنە سەرۆك و جێگر.

٢- ئەنجوومەنی میلیی هەر ناوچەيەك كە دەسەڵاتی كارگێڕیی ناوچەكەيە نووسینگەيەكی كارگێڕیی ناوچە لەو سێ كەسە دادەمەزرێنی كە دەنگیان لە سەرۆك و جێگرەكەی كەمترە.. ئەو سێ كەسە وە پێی زۆرینەی دەنگەكانیان یەكیان دەبتە سەرۆك و ئەویدیكەش جێگر.. ئەو نووسینگەيەش لە یەكەمین كۆبوونەوەیدا ئەنجوومەنی جێبەجێكەری شارەوانیی ناوچە لە كەسانی شارەزا و وە ئەزموون لە بواری شارەوانیی دادەمەزرێنی كە جێگری سەرۆكی نووسینگەكە دەبتە سەرۆكی ئەو ئەنجوومەنە جێبەجێكەرە و سێیەم كەسەكەش دەبتە جێگری.

٣- سەرۆکەکانی ئەنجوومەنە میللییەکانی سنووری هەر پارێزگایەک دەبنە ئەندامانی ئەنجوومەنی میللی پارێزگایەکە وەک دەسەڵاتی کارگێڕیی پارێزگایەکە.. لە یەکەمین کۆبوونەوەیاندا دوو کەس وەک سەرۆک و جێگر هەڵدەبژێرن و پاشانیش نووسینگەیەکی کارگێڕیی پارێزگا لە ٥٪ی کۆی ئەندامەکانی لە هەڵبژاردنەکی ئازاد و نهێنیی نێوخۆیان هەڵدەبژێرن و دوو کەسیان وە پێی زۆرینەی دەنگ دەبنە سەرۆک و جێگر.. ئەو نووسینگەیەش ئەنجوومەنی جێبەجێکەری شارەوانیی پارێزگا لە شارەزاترین و وە ئەزموونترین ئەندامانی ئەنجوومەنە جێبەجێکەرەکانی شارەوانییەکانی ناوچەکان کە نووسینگە کارگێڕییەکانی ناوچەکان دایانمەزراندینە دادەمەزرێنی و سێیەم کەس و چارەم کەسی نووسینگەکەش وە پێی زۆرینەی دەنگەکانیان دەبنە سەرۆک و جێگری ئەو ئەنجوومەنە جێبەجێکەرە.

٤- سەرۆک و جێگری ئەنجوومەنی میللیی هەر ناوچەیەک وە هاوکاریی ئەنجوومەنی میللیی پارێزگایەکەیان چاودێریی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی ئەنجوومەنی جێبەجێکەری شارەوانیی ناوچەکەیان دەکەن و بەرپرسی یەکەمن لە کەموکوڕییەکان و هەر کاروبارەکی شارەوانییەکەیان.

٥- سەرۆک جێگری ئەنجوومەنی میللیی هەر پارێزگایەک وە هاوکاریی ئەنجوومەنی میللیی وڵات چاودێریی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی ئەنجوومەنی جێبەجێکەری شارەوانیی پارێزگایەکەیان دەکەن و بەرپرسی یەکەمن لە کەموکوڕییەکان و هەر کاروبارەکی شارەوانییەکەیان.

٦- ئەنجوومەنی جێبەجێکەری شارەوانی هەر ناوچەیەک لە چارچێوەی نەخشە و پلانی ئەنجوومەنی جێبەجێکەری شارەوانیی پارێزگایەکەی کاروبارەکانی خۆی ئەنجام دەدا..

٧- ئەنجوومەنە جێبەجێکەرەکانی شارەوانییەکانی پارێزگایەکان ناوەناوە و وە پێی پێویست - وە لایەنی کەم هەر ساڵەی جارەک - کۆبوونەوەی تایبەت ساز دەدەن وە نیازی سوودوەرگرتن لە یەکدی لە ئەزموون و نەخشە و پلانی تازە و پرۆژە هاوشێوە و هاوبەشەکانیان.

٨- ئەنجوومەنی میللیی وڵات پێکدێ لە سەرۆک و جێگرەکانی ئەنجوومەنە میللییەکانی هەموو پارێزگایەکان.. سەرۆکی ئەنجوومەنی میللیی پایتەخت ئۆتۆماتیکیی دەبێتە سەرۆکیان و لە نێوخۆشیان جێگرەک هەڵدەبژێرن.

٩- ئەنجوومەنی میللیی وڵات لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا بڕیار لەسەر دانانی پەیڕەوی نێوخۆی ئەنجوومەن دەدا و لە سەرەتای ساڵی سێیەمی دەستبەکاربوونیشی دەتوانی دەستکاریی بکا.

١٠- ئەو کەسانەی دەبنە (ئەندامی ئەنجوومەنە میللییەکانی پارێزگایەکان یان دەبنە ئەندامی ئەنجوومەنی میللیی وڵات) بێجگە لەو کارە تازانەیان کاری ئەندامیەتیی خۆشیان لە ئەنجوومەنە میللییەکانی ناوچەکانیشیان کە تێیاندا هەڵبژێردرابوون هەر ئەنجام دەدەن، هەروا ئەو کەسانەش کە دەبنە (ئەندامی ئەنجوومەنی جێبەجێکەری شارەوانییەکانی پارێزگایەکان) بێجگە لەو کارە تازانەیان کاری ئەندامیەتی خۆشیان لە ئەنجوومەنە جێبەجێکەرە شارەوانییەکانی ناوچەکانیشیان کە تێیاندا دامەزرێندرابوون هەر ئەنجام دەدەن.

## مادەی ٤٤:

## ئەرک و دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی میللیی:

١- ئەنجوومەنی میللی دەسەڵاتەکی سەروەخۆ و جوایەزە لە هەر دەسەڵاتەکی دیکەی وڵات.. ئەرکە سەرکییەکەی هەڵسووڕاندن و راپەڕاندنی کاروباری راستەوخۆی کارگێڕیی و شارەوانییەکانە.. لە لایەکی دیکەش وە پێی دەستوور ئەندامی دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار و پاڵپشت و هاوکاری دەسەڵاتەکانی دیکەی وڵاتیشە لە هەر کاروبارەکی پەیوەستدار.

٢- بێجگە لە جێبەجێکردنی ئەو بڕیار و فەرمان و رێنماییانەی کە لە کارەکانی خۆی پێویستن لە ژێر رۆشنایی دەستوور تەواوی یاسایەکان و هەموو ئەو بڕیار و فەرمان و رێنماییانەی پەرلەمانیش کە پەیوەستن وە ئەنجوومەن جێبەجێ دەکا و مافی رەخنەلێگرتنیشیانی هەیە.

٣- بێجگە لەو ئەرک و دەسەڵاتانەی لە نێو دیوانی سەرۆکایەتیی هەیەتی.. لەبەرئەوەی راستەوخۆ لە نێو خەڵک کاردەکا و لە هەر گرفت و کەموکوڕییەکیان ئاگادارە و ئاشنای جۆر و شێوەی ژیان و گوزەرانیانە وە شێوەیەکی هوورد چاودێریی کارەکانی دەسەڵاتەکان دەکا لە هەر پێشێلکارییەکی ماف و ئازادییەکانیان و مافی ئەوەشی هەیە وە رێنماییەکانی هاندەری جەماوەر بی تا وە هەر شێوازەکی یاسایی هەیە بەرگریی لە خۆیان بکەن و ماف و ئازادییەکانیان فراوانتر بکەنەوە.

**٤- هەموو پێویستییە مادییەکانی نووسینگە کارگێڕییەکانی و فەرمانگە شارەوانییەکانی و تێکڕای ئەو کرێکار و کارمەندانەی - وە جوایەزیی جۆر و ئاستەکان - پێویستیەتی لە ڕێی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتەکان دابینیان دەکا.**

**٥- ئەنجوومەنی میلیی خولی تازە دەتوانی هێندەک یان هەموو ئەو کرێکار و فەرمانبەرانەی کە ئەنجوومەنی پێشتر دایمەزراندینە بگۆڕی ئەگەر هەست بکا وەک پێویست کاری خۆیان ئەنجام نەدایە.. لێ کارلێستاندنەوە لە هەر کرێکار یان فەرمانبەرەک وە هۆی پێویستنەمانی ئەوە دەبی وە هاوکاریی وەزارەتی پەیوەنددار یان کارەکی وە هەمان ئاستی کارەکەی خۆی بداتێ یان بیمەیەکی بێکاریی وە هەمان کرێی هەفتانەکەی بداتێ تا کارەکی دیکەی دەدەنێ.**

**٦- هەموو دەستکەوتە مادییەکانی لە باج و قازانجی پرۆژەکانی و وەکاربردنی جێیە گشتییەکان و... هتد لە ڕێی وەزارەتی دارایی دەخاتە نێو خەزێنەی وڵات.**

**٧- ساڵانە لە چارچیوەی ئەنجامدانی پرۆژەی جودا جودا نەخشە و پلانی تازە دادەنێ و لە پاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی پەرلەمان لەسەریان وە هاوکاریی و هەرەوەزیی دەزگە و دامەزراوە پەیوەنددارەکان جێبەجێیان دەکا.**

**٨- ڕۆژی سێیەمی کاری هەر ئەندامەکی ئەنجوومەنی میلیی لە هەفتەدا دیتنی جەماوەرە لە نووسینگە کارگێڕییەکەی خۆی.**

**مادەی ٤٥:**

**١- ماوەی کاری ئەندامانی ئەنجوومەن ٤ ساڵی ڕێکە.. دەمەکانی کار وەک هەر فەرمانبەرییەکی دیکەی ئاسایی ٥ ڕۆژی ٧ کاژێرییە لە هەفتەیەکدا.**

**٢- مافی هەر ئەندامەکی ئەنجوومەنە هەر پێشێلکارییەک لە هەر ماف و ئازادییەکی خۆی و هاوڵاتییان و لە هەر کار و پلان و پڕۆژەیەکی خۆی و خەڵک و حکومەت بباتە ئەنجوومەن یان پەرلەمان و پێشێلکەر سزای خۆی وەربگری.**

**٣- ئەندامانی ئەنجوومەن بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ جۆر و شێوە پەیوەستبوونەک نوێنەری گەل و ئەنجوومەنەکەی خۆیانن نەک نوێنەری پێکهاتەی دینیی، ڕەگەزیی، نەتەوەیی، ناوچەیی، و... هتد.**

**٤- ئەندامی ئەنجوومەن نابی هیچ کارەکی دیکە بکا.. دەمەکانی کاری لە نێو ئەنجوومەن وە ڕاژە دەژمێردرێ.. پاش کۆتاییهاتنی ماوەی کارەکەی ئەگەر پێشتر کاری هەبووبی و کارەکەی مابی مافی ئەوەی هەیە بگەڕێتەوە سەر کارەکەی، ئەگەر کارەکەشی نەمابی ئەوە لە هەمان ئەو سوودانە بەهرەمەند دەبی کە هاوپیشەکانی پێشتری لێ بەهرەمەند بوونە.**

**٥- هەر کەسەک دەتوانی تەنێ لە ٢ خولدا ببیتە ئەندامی ئەنجوومەن.**

٦- ئەندامی ئەنجوومەن وەک فەرمانبەرەکی ئەنجوومەن بێجگە لە ماف و ئازادییە تایبەتییەکانی خۆی هەموو ئەو ماف و ئازادییانەشی هەیە کە هاوڵاتییان هەیانە تەنێ هەبوونی کار و پڕۆژەی مادیی و جێهێشتنی وڵات نەبی.

٧- ئەندامی ئەنجوومەن ئازادە لەوەی بێ رێگرتن و وەکاربردنی هیچ جۆرە پاڵەپەستۆیەک لە سەری هەر دەمەک بیەوێ دەستبەرداری کارەکەی ببی.

٨- دەبی کرێی هەفتانەی کاری ئەندامی ئەنجوومەن دەگەڵ کار و ژیانەکەی بگونجێ و لە کرێی هەفتانەی کرێکارەکی شارەزا کە ژیان و گوزەرانەکی ئاسایی هەیە پتر نەبی.. ئەوەش دەگەڵ ماف و ئەرک و ئازادییەکانی لە پەیڕەوی نێوخۆی ئەنجوومەن تۆمار بکرێ.

مادەی ٤٦:

لێژنەی یاسایی ئەنجوومەن و هەر لێژنە و دامودەزگەیەکی کاتیی و هەمیشەیی، ماف و ئازادیی و ئەرکەکانی ئەندامان، رێوشوێنی دامەزرانی فەرمانبەران و کرێکارانی سەر وە ئەنجوومەن، دیارکردنی دەمی کۆبوونەوە ئاسایی و نائاساییەکان، هەر کاروبار و بابەتەکی دیکەی نێوخۆی ئەنجوومەن دەبی وە شێوەیەکی یاسایی و رۆشن لە نێو پەیڕەوی نێوخۆی ئەنجوومەن جێی خۆیان بگرن.

**مادەی ٤٧:**

**ئەو بارانەی کە ئەنجوومەنیان لێهەڵدەوەشێتەوە:**

**١- کە ٣/٤ی ئەندامەکانی بڕیاری هەڵوەشانەوەی دەدەن.**

**٢- ئەگەر پتر لە نیوەی ئەندامەکانی دەستیان لەکارکێشاوە.**

**٣- کە کابینەی نوێی ئەنجوومەن یەکەم کۆبوونەوە ئەنجام دەدا.**

**٤- ئەگەر ئەنجوومەن دەستوور و یاسایەکان جێبەجێ نەکا، رای گشتیی جەماوەر ژێر پێ بنێ، وە تاکڕەویی و کەونەپارێزیی دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار و پەرلەمان ئەنجوومەنی وەزیران رازیی بی.. وە مەرجەک وە پشتبەستن وە وەڕاستگەڕانی هەر یەک لەو پێشێلکارییانە لە دادگەییەکی دادگەی باڵا و ئەرێی سەرجەم ئەندامانی دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار بڕیار لەسەر هەڵوەشانەوەی بدرێ.**

**٤- ئەنجوومەنی دادوەریی:**

**مادەی ٤٨:**

## بنچینە گشتییەکان:

**١- دادگە و یاسایەکان لە سەرێی هەر کەسێ بێ هەڵاواردن.. یاسایەکان وە رێکهاتنەوە دەگەڵ گەوهەر و نێوەرۆکی دەستوور وە یەکسانیی و بێلایەنیی و بێ لەبەرچاوگرتنی جوایەزییەکانی (دین،**

بیروباوەڕ، نەتەوە، رەنگ، رەگەز، پلە و ئاست و... هتد)ی کەسەکان لەسەر هەر کەسەک جێبەجێ دەبن.

٢- بێجگە لە دەسەڵاتی دادوەریی هیچ کەس و دەسەڵاتەکی دیکە مافی ئەوەی نییە دەست لە دادوەریی و کاروباری دادپەروەریی وەربدا.

٣- هیچ جۆرە دادگەییەکی تایبەت و نائاسایی و ئاسایشیی و سەربازیی نییە.

٤- لەسێدارەدانی هەر کەسەک و گرتن و زینـدانکردنی تەمەنـی کەمتـر لە ١٨ ساڵ قەدەغەن، دەکرێ زیندانیی هەمیشەیی و ئەو کەسانەی کە ماوەی زیندانییەکەیان دەگاتە دەمی خانەنشینیی لە سەرەتای خانەنشینییانەوە - خانەشینیی وە هۆی تەمەنەوە - ئازاد بکرێن ئەگەر دەسەڵاتی دادوەریی و پەرلەمان رەزامەندیی دەرببڕن وە مەرجەک دڵنیا بن لەوەی کە پاش ئازادبوونیان نایانەوێ یان ناتوانن کاری دژە یاسایی و دژە مرۆیی ئەنجام بدەن.

٥- سەرجەمی دەمی دانیشتنی هەر دادگەییکردنەک وە ئاشکرایی دەبی، هەر کەسەک بخوازی دەتوانی لە دادگەییکردنەکان ئامادە بی و سێ کەسیش - دووانیان لە هەردوو لای دادگەییەکە و سێیەمیش وەک بێلایەن - دەتوانن لە دەمەکی دیارکرای پێش بڕیاری دادوەری گشتیی را و تێبینیی خۆیان لە یەک جاردا دەرببڕن.. لێ ئەگەر لە هۆڵی دادگە جێی ئامادەبووان نەبۆوە یان هەستکرا خەڵکەکی زۆر دەخوازن دادگەییەکە ببینن ئەوە پێویستە لە کەناڵەکی تەلەفزیۆن راستەوخۆ بڵاوبکرێتەوە.

٦- نابی هیچ فەرمانبەرەکی دامودەزگەکانی دەسەڵاتی دادوەریی وە هیچ کەنـاڵەک سـەر وە هـیچ پـارت و هـیچ جـۆر و شـێوە رێکخراوبـوونەکی دیکەی سیاسیی بی.. هەرا نابی لە نێو فەرمانگە و دەمەکانی کـارکردنی هـیچ جـۆرە هەڵسـوکەوت و چـالاکییەکی حیزبـی و سیاسـیی و دینیـی بنوێنی و لە هیچ جێیەکی دیکەیش کار بکا.

٧- جێبەجێنەکردنـی بڕیـاری دادوەریـی لە دەمـی خـۆی، یـارییکردن وە یاسا و رێسایەکان، فرتوفێڵ و بەرتیل و گرتنەبەری رێکـاری نایاسـایی و وەکاربردنی دەسەڵات وە نارەوایی لە لایەن فەرمـانبەرانەوە وە تـاوان دادەنـدرێن و دەبـی تـاوانبـار وە پێـی تـاوانەکەی چ وەک کەمکـردنەوەی دەسەڵات و دابەزاندن لە کارەکەی تا رادە ی دەرکـردن لەسـەر کـارەکەی چ وەک سزای هەر تاوانەکی ئاسایی کە لە دەرێی کار و لە نێو کـاریش روودەدەن سزا بدرێ، هاوکات ئەگەر تۆمەتبار تاوانبار دەرنەچوو مـافی قەرەبووکردنەوەی تێکڕای زیانەکانی هەیە.

٨- نـابی هـیچ دەقەکـی یاسـایی ئەوتـۆ هەبـی رێ لە پێشکەشـکردن و دیتنی هەر سکاڵا و داوایەک بگری یان رێ لە رەخنەگرتن و توانجلێدان لە هەر کار و رێکار و بڕیار و فەرمان و رێنماییەک بگری جا لە لایەن هەر کەس و دەزگە و لایەنەکەوە و لە هەر شـوێنکاتەک دەرچـووبی یـان ئەنجام درابی.

٩- ئەگەر هەر کەسەک یان هەر لایەنەک وە نـارەوا زیـانی پێگەیەنـدرا و لە رێـی دادگەیەکەوە نـارەواییەکەی سەلمێندرا ئەوە دەبـی ئەو کەسە یان ئەو لایەنە قەرەبووی بکاتەوە کە زیانەکەی گەیاندییە.

**مادەی ٤٩:**

**دەسەڵاتی دادوەریی:**

**١- دەسەڵاتەکی دەستووریی و یاسایی گشتگیرە.. وە سەروەخۆیی لە دەسەڵاتەکانی دیکە دەسەڵات و میکانیزمەکی تایبەتمەندە لە بەڕێوەچوونی دادوەریی و جێبەجێکردنی یاسا و پیادەکردنی دادپەروەریی و پاراستنی تێکڕای ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتییان.**

**٢- دەسەڵاتی دادوەریی لە ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی و دادگەی باڵا و دادگەی پێداچوونەوە و دەستەی سەرپەرشتیی دادوەریی و شوورای یاسایی و دەزگەی داواکاری گشتیی و دەزگەی داواکاری تایبەتیی - دەزگەی پارێزەران - و دادگەکانی دیکەی وڵات پێکدێ.**

**٣- دەسەڵاتی دادوەریی پەیوەندیی وە ماوەی ٤ساڵەی کاری پەرلەمان و دەسەڵاتەکانی دیکەوە نییە و هەمیشە بوونی هەیە و هیچ کەس و لایەنەکی دەسەڵاتدار ناتوانی هەڵیبوەشێنتەوە.. ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی لە ماوەی کاری خۆی کە ٢ ساڵە وە دەنگی ٣/٤ی کۆی ئەندامانی دەتوانی تەنێ دوو جار و هەر جارەی یەک مانگ خۆی یان تێکڕای دەسەڵاتی دادوەریی یان هەردووکی پێکەوە هەڵبپەسێری.**

**مادەی ٥٠:**

**ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی:**

**١- بەڕێوەبردن و سەرپەرشتییکردنی دادوەریی و کاروباری دەستە دادوەرییەکان و هەموو کاروبارەکی پەیوەست وە یاسا و ڕێسایەکان و**

بڕیار و ڕێنماییەکانیان کاری ڕەسەن و کردەیی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریین و یاساش پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی و دەسەڵاتەکانی و ڕێسای ڕەوتی کارەکانی و ماف و ئازادییەکانی ئەندامەکانی دیاردەکا.

٢- ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی وەک لووتکەی باڵای دەسەڵاتی دادوەریی لە سەرۆکەکانی دادگەی باڵا و دادگەی پێداچوونەوە و دەستەی سەرپەرشتیی دادوەریی و شووڕای یاسایی و دەزگەی داواکاری گشتیی و دەزگەی داواکاری تایبەتیی و دادگەکانی دیکەی وڵات پێکدێ.

٣- ئەندامانی ئەنجوومەن لە نێو خۆیان یەکەک - بێجگە لە سەرۆکی دەزگەی داواکاری تایبەتیی - لە بەتواناترین و پڕ ڕاژەترین ئەندامی خۆیان وەک ڕاوێژکاری - نەک سەرۆک - ئەنجوومەن هەڵدەبژێرن کە کارەکەی تەنێ ڕاوێژکردن و هەماهەنگیی و سەرپەرشتییکردنی کۆبوونەوەکانە.

٤- بڕیاری ئەنجوومەن وەکۆمەڵ دەدرێ و هەموو ئەندامەکانیش وە ڕاوێژکاریشەوە لە دەنگدان یەکسانن و هەر کەس خاوەنی یەک دەنگی یەکسانە.

٥- ئەنجوومەن لە یەکەم کۆبوونەوەیدا بڕیاری دانانی پێکهاتەکەی و دەسەڵات و ڕێوشوێنی دامەزران و بڕی کرێی ئەندام و کرێکار و فەرمانبەر و دەرماڵەی دامودەزگەکانی و ماف و ئازادییەکانی و دامەزرانەوەی سەندیکا و بودجەی ساڵانە و شێوەی هەڵبژاردن و تێکڕای کاروبارەکانی دەدا.

٦- هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی کە لووتکەی باڵای دەسەڵاتی دادوەرییە لە خوارێڕا تا سەرێ و وە پێی توانا و شارەزایی پێویستی کەسەکان لە هەر کار و بەرپرسییەک وە پێی پێویستیی دەستە و ئەنجوومەن و دادگە و دەزگە و فەرمانگە پێویستەکان وە شێوەیەکی ئازاد و نهێنیی لە نێو دادوەران و یاساناسان و مامۆستایانی یاسا و پارێزەران ئەنجام دەدرێ.. لە دوا پرۆسێس کە سەرۆکەکان - ئەوانەی لە خاڵی دووەم دەستنیشانکرانە - هەڵدەبژێردرێن خۆبەخۆ دەبنە ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی.

٧- هەڵبژاردن هەر ٢ ساڵ یەک جارە، رێسا و پرۆسێسی هەڵبژاردن لە لایەن لێژنەیەکی ١٠ کەسیی لە دادوەرە هەرە بەرزەکانی وڵات وە رەزامەندیی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی وە یاسایەک رێکدەخرێ.

٨- ئەنجوومەن پرۆژەی بودجەی ساڵانەی ئەنجوومەنی دادوەریی ئامادە دەکا و پێشکەشی پەرلەمانی دەکا.. پاش وەرگرتنی رەزامەندیی دەخرێتە نێو بودجەی ساڵانەی وڵات.

مادەی ٥١:

دادگەی باڵا:

١- دادگەی دەستووریی وڵاتە، دەستەیەکی دادوەریی سەروەخۆیە و لە کۆمەڵێک دادوەر و پسپۆڕ و شارەزایانی بوارە یاساییەکان پێکدێ.

٢- له ژێر چاودێریی و سەرپەرشتیی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی و له نێوان دادوەران و یاساناسان و مامۆستایانی یاسا و پارێزەره وه ئەزموون و بەتوانەیەکان وه شێوەیەکی ئازاد و نهێنیی هەڵدەبژێردرێن و پاشان له نێو خۆیان سەرۆکەکی گشتیی دادگەکه هەڵدەبژێرن.

٣- مەرجی ئەنداميێتيی و ئەرک و ماف و ئازادییەکانیان، شێوەی بەڕێوەبردنی کارەکان، چۆنییێتیی وەرگرتنی سکاڵا و داواکارییەکان، کرێ و دامەزرانی فەرمانبەران و کرێکاران، و... هتد وه یاسایەک دیاردەکرێن و پاشان وه رەزامەندیی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی دەخرێنه نێو پەیڕەوی نێوخۆی دەسەڵاتی دادوەریی.

مادەی ٥٢:

## دەسەڵات و تایبەتمەندییەکانی دادگەی باڵا:

١- راڤەکردنی دەقی دەستوور و گۆڕینی زمانی یاسا له زمانی رەق و هیشک له لایەک و پلاستیکیی له لایەکی دیکەوه که تەنێ توێژەکی کەمی کۆمەڵ تێیدەگەن وه زمانی رەوان و پاراوی خەڵک.

٢- هاوکارییکردنی شووراى یاسایی له ئامادەکردن و دارشتنی پرۆژه یاساییەکانی وڵات.. ئەو یاسایانەی که له رێکخستنی کاری دەسەڵاتەکانی گەل و بەرێوەبردنی تێکرای لایەنەکانی ژیان پێویستن.. وه مەرجەک له نووسینیاندا زمانەکی بێ گرێوگۆڵ و پوختی ئەوتۆ پەیرەوه بکرێ که هەموو خەڵک وه ئاسانیی لێیان تێبگەن.

**٣- چاودێرییکردنی وه دەستوورییبوونی یاسا و ڕێسایە بەرکارەکان لەسەر داوای هەر داواکار و زیانلێکەوتییەک.**

**٤- یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی کە لە جێبەجێکردنی یاسا و ئەو ڕێسا و بڕیار و ڕێنمایی و ڕێکارانەی دەسەڵات پەیدا دەبن یان لە ئەنجامی دەستوورینەبوونی یاسا و ئەو ڕێسا و بڕیار و ڕێنمایی و ڕێکارە نارەوایانەی کە دەردەچن پەیدا دەبن لەسەر داوای هەر داواکار و زیانلێکەوتییەک.**

**٥- یەکلاکردنەوەی ئەو کێشە و ناکۆکییانەی کە لە نێوان دەسەڵاتەکانی وڵات لە بەرانبەر یەکدی پەیدا دەبن و خۆیان ناتوانن چارەسەریان بکەن.**

**٦- وەدواداچوون و یەکلاکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی کە لە لایەن هەر کەس و لایەنەکەوە ئاراستەی بەرپرسە باڵایەکانی دەسەڵاتەکانی وڵات وە تایبەتیی و بەرپرسان وە گشتیی دەکرێن لێ وە راشکاویی لێانناکۆڵدرێتەوە یان هەر فەرامۆش دەکرێن، هەر پەیوەست بەو کێشانەش چاودێریی و دڵنیابوون لە گرتنبەری ڕێکاری یاسایی لە جێبەجێکردنی بڕیارە سزاییەکان هەر لە ئەستۆی دادگەی باڵایە.**

**٧- بڕیاردان لەسەر راستیی و دروستیی یان ناتەواویی و ساختەیی هەر هەڵبژاردن و راپرسییەکی گشتیی جەماوەریی کە ئەنجام دەدرێن وە پەنجەدانان لەسە کەموکوڕییەکان و دیارکردنی چەند و چۆنیی ساختە و ناتەواوییەکان وە کەس و لایەنە ئەنجامدەرکانیشیانەوە.**

٨- بڕیار و حوکمەکانی دادگەی باڵا بنبڕ و یەکلاکەرەوەن و دەبی هەر کەس و لایەنەک پابەند بن پێیانەوە و جێبەجێیان بکەن.. لێ هەر کەس و لایەنەکیش مافی ئەوەیان هەیە تانە لە بڕیار و حوکمەکانی بدەن و لە پرۆسەیەکی زۆر راشکاوانە و لەسەرخۆ لە رێی ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی داوای پێداچوونەوە بکەن.

٩- کە دادگەی باڵا لە پرۆسێسی پیادەکردنی ئەو دەسەڵات و ئەرک و تایبەتمەندییانەی رووبەڕووی هەر سەرپێچییکردنەکی یاسایی و دەستووریی دەبیتەوە دەبی دەسەڵاتی پەیوەندار ئاگاداربکاتەوە تا رێکاری پێویست و یاسایی بگیردرێتەبەر و چارەسەری سەرپێچییەکان بکرێ.

مادەی ٥٣:

داواکاری گشتیی:

١- داواکاری گشتیی نوێنەری یاسایی تێکڕای کۆمەڵە، لە پێناو پاراستن و بەرگرییکردن لە ماف و ئازادییە گشتییەکان و سەقامگیرکردن و وەدیهێنانی دادپەروەریی.. سکاڵا و داوای گشتیی وە ناوی خۆیەوە تۆمار دەکا.

٢- یەکەکی دیکە لە کارە گرنگەکانی داواکاری گشتیی کۆششکردنەکی لێبڕاوانەیە لەسەر پیادەکردنی یاسایە سزاییەکان و جێبەجێکردنی سزایەکان لەسەر تاوانباران وە تایبەتییش ئەو تاوانبارانەی کە لە نێو دەسەڵاتەکان بەرپرسن.

٣- سەرپەرشتییکردن و رەوتپێگرتنی هەر کاروبارەکی دژ وە بەرزەفتکاریی دادوەریی و چاودێرییکردنی پێشێلکارییە یاساییەکان و رێخۆشکردن لە پێش جێبەجێکردنی تەواوی بڕیار و حوکمە سزاییەکان لە ئەستۆی داواکاری گشتییە.

٤- پێکهاتەی دەزگەی داواکاری گشتیی، شێوەی بەرێوەبردنی کاروبارەکانی، ئەرک و ماف و ئازادییەکانی، و... هتد وە یاسایەک دیاردەکرێن و پاشان وە رەزامەندیی ئەنجوومەنی بالآی دادوەریی دەخرێنە نێو پەیڕەوی نێوخۆی دەسەڵاتی دادوەریی.

**مادەی ٥٤:**

ئەنجوومەنی بالآی دادوەریی وە چەند یاسایەک تێکڕای (کارەکان، شێوەی بەرێوەبردنی کاروبارەکان، ئەرک و ماف و ئازادییەکان، دەسەڵات، دامەزرانی فەرمانبەران و کرێکاران و... هتد)ی هەر یەک لە شوورای یاسایی و دادگەی پێداچوونەوە و دەستەی سەرپەرشتیی دادوەریی و دەزگەی داواکاری تایبەتیی و دادگەکانی دیکە دیاردەکا و دەیخاتە نێو پەیڕەوی نێوخۆی دەسەڵاتی دادوەریی.

**٥- ئەنجوومەنی میدیا:**

**مادەی ٥٥:**

## بنچینە گشتییەکان:

**١- نابی هیچ کەس و لایەنەک وە هۆی پەخش و بڵاوکردنەوەی بیرورِا و بەرهەمەکانیان دژایەتیی بکرێن یان بەند بکرێن و بدرێنە دادگە جا نێوەرۆکی بیرورِا و بەرهەمەکانیان هەرچییەک بن.**

**٢- بێجگە لەو کەس و لایەنانەی کە بڵاوکردنەوەی بیرورِایەکانیان وە پێی پێوەرەکانی (مافەکانی مرۆڤ) دەبنە هۆی دروستکردن و گەشەپێدانی (رەوتی کەونەپەرستیی، ئەفسوون و دابونەریتی پاشدامایی، سەپاندنی وە تۆبزیی دین و حیزب و هزر و... هتد، جۆرەکانی ئەشکەنجە و توندوتیژیی، نێرسالاریی و رەگەزپەرستیی و جوایەزییەکانی دیکە، شەرِ و نائارامیی و تیرۆر و هەر جۆر و شێوە پێشێلکردنەکی دیکەی ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ) هەر کەس و لایەنەکی دیکە جا هەر بیرورِایەکیان هەبی دەتوانن وە ئازادیی و وە پێی توانایەکانی خۆیان دەزگەکانی میدیا - ئەو دەزگە میدیاییانەی لەسەر توانستەکانی میللەت دامەزرانە - وەکارببەن و هەرچییەک خۆیان دەیانەوێ بڵاویبکەنەوە.**

**٣- هەر کەس و لایەنەک بەرهەمی هەر کەس و لایەنەکی دیکە بدزن یان بازرگانییان پێوە بکەن یان خاوەنبەرهەم وە هۆی بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکەی دووچاری کێشە و گرفت بکەن رووبەرِووی یاسا دەبنەوە.**

٤- کرێی هەفتانەی هەر کارمەندەکی میدیا و بەخششی مادییانەی هەر بەرهەمەک وە پێی ئاستی کارەکە دەگەڵ ماف و ئازادییەکانی میدیاکاران لە لایەن لێژنەیەکی تایبەتی سەر وە ئەنجوومەنی بالای میدیا دیاردەکرێن.

٥- نابی هیچ ئەندامەکی دەستەی سەرپەرشتیی دەزگەکانی میدیا - میدیای فەرمیی حکومەت و ئەو دەزگە و نێوەندانەی لەسەر توانستەکانی میللەت دامەزرانە - لە هیچ شوێنەکی دیکە کار بکا و سەر وە هیچ پارت و ڕێکخراوەکی سیاسیی بی و هیچ چالاکییەکی سیاسیی حیزبیی لە نێو نووسینگە و فەرمانگەکان ئەنجام بدا یان دەزگەکان وەک ئۆرگانەکی پەخش و بڵاوکردنەوەی کاروبار و پڕوپاگەندەی حیزبیی و دینیی یان هەر هزر و فەلسەفەیەکی دیکە وەکاربیا.

٦- هەر کەس و لایەن و پارت و حیزب و ڕێکخراوەکی سیاسی ئازادن لەوەی لەسەر ئەرکی خۆیان - نەک دارایی حکومەت و خەڵک - دەزگەی میدیایی سەروەخۆی خۆیان دابمەزرێنن.

٧- هیچ جۆرە پەخش و بڵاوکردنەوەیەک و دامەزرانی هیچ دەزگەیەکی میدیایی لە دەرێی ئەنجوومەنی میدیا لە لایەن هەر کەس و دەستە و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکی پیشەیی و ڕۆشنبیریی و جەماوەرییەوە هیچ جۆرە مۆڵەتدانەکی پێویست نییە تەنانەت ئازادن لەوەی بەرهەمی توندی ڕەخنەگرانەش لەسەر هەر بابەتەک و لەسەر هەر کەس و لایەنەک پەخش و بڵاوبکەنەوە و هیچ کەس و لایەنەکیش ناتوانن بەرهەمەکانیان قەدەغە بکەن، دەبی لێژنەیەکی تایبەت لە

ئەنجوومەنی باڵای میدیاش وە پێی توانا و پێویستییەکانیان و گرنگیی کارەکانیـــان ئەگەر لە ڕاژەی گشـــتیی کـــۆمەڵ و مرۆڤپەروەییـــدا بـــن هاوکاریی و هاوپشتییەکی مادیی و مانەوییان بکا.

مادەی ٥٦:

دەسەڵاتی ئەنجوومەنی میدیا:

١- ئەنجوومەنی میدیا بێجگە لەوەی ناوەندی فەرهەنگی تێکڕای گەل و نەتەوەکـانی وڵاتە بیّ جوایەزیی دەسەڵاتەکی ئـازاد و سەروەخۆشە لە تێکڕای دەسەڵاتەکانی دیکەی وڵات.

٢- ئەنجـــوومەن یەک لە شـــەش دەســـەڵاتەکەی وڵاتە و لە ڕێـــی ئەندامبوونیشی لە دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار وە پێی تایبەتمەندییە پیشـەییەکانی خـۆی هاوکـار و هاوبەشـی دەسـەڵاتەکانی دیـکەیە لە بەڕێوەبردنی وڵات.

٣- دەسەڵاتی میدیا وە سەروەخۆیی خۆی کارەکـانی بەڕێوەدەبـا و هیچ کەس و لایەن و دەسەڵاتەک ناتوانن دەست لە کاروبـارەکانی وەربدەن.

٤- دەســەڵاتی ئەنجــوومەنی میــدیا لە (ئەنجــوومەنی بــاڵای میــدیا، نێوەنــدی ڕۆشــنبیریی، دەزگەی ڕاگەیانــدن، نێوەنــدی ئامــادەکردن و وەرگێڕان، دەزگەکانی چاپ و دیزاین و دابەشکردن، دەزگەکانی ڕۆژنـامە و گۆڤـار و بڵاوکـردنەوەی پەرتـووک، دەزگەکـانی ڕادیـۆ و تەلەفزێـون، دەزگەکانی ئینتەرنێت، دەزگەکـانی سینەما و فیلم و شـانۆ، دەزگەکـانی وێنەگریــی و کاریکــاتێر و شـێوەکاریی و پەیکەرتـاشــی و هەڵکـۆڵین،

**دەزگەکانی فۆلکلۆر و پاشماوە دێرینەکان و مۆزەخانەکان، دەزگەکانی هۆڵ و سەکۆیە گشتییەکان، دەزگەکانی ئامێرە دەنگیی و ڕەنگییەکان، دەزگەکانی مۆر و پوول و کارت و ریکلام، دەزگەکانی پێداویستییە میدیاییەکان) پێکدێ.**

**٥- ئەنجوومەنی میدیا وە تێکڕای دەزگەکانییەوە نە سەر وە هیچ لایەنەکی دەسەڵاتدار و هیچ پارت و دین و لایەنەکی دیکەیە نە قۆرخکرای هیچ لایەنەکی ئایدیۆلۆژیی و فەلسەفییشە.**

**٦- دەسەڵاتی میدیا پەیوەندیی وە ماوەی ٤ ساڵەی کاری پەرلەمان و دەسەڵاتەکانی دیکەوە نییە و هەردەم بوونی هەیە و هیچ کەس و لایەنەکی دەسەڵاتدار ناتوانی هەڵیبوەشێنتەوە.. ئەنجوومەنی باڵای میدیا لە ماوەی کاری خۆی کە ٢ ساڵە وە دەنگی ٣/٤ی کۆی ئەندامانی دەتوانی تەنێ دوو جار و هەر جارەی یەک مانگ خۆی یان تێکڕای دەسەڵاتی میدیا یان هەردووکی پێکەوە هەڵبپەسێری.**

**مادەی ٥٧:**

## ئەنجوومەنی باڵای میدیا:

**١- ئەنجوومەنی باڵای میدیا وەک نێوەندی باڵای میدیا میکانیزمەکی گشتگیرە لە بەڕێوەبردن و سەرپەرشتییکردنی پەخش و بڵاوکردنەوەی تێکڕای بوارە فەرهەنگییەکانی کۆمەڵ.**

**٢- ئەنجوومەنی باڵای میدیا وەک لووتکەی باڵای دەسەڵاتی ئەنجوومەنی میدیا لە سەرۆکەکانی هەموو ئەو دەزگە و نێوەندە**

میدیاییانەی کە لە خاڵی چارەمی دەسەڵاتی ئەنجوومەنی میدیا هەن پێکدێ.

٣- ئەندامانی ئەنجوومەن لە نێو خۆیان یەکەک لە بەتواناترین و پڕ راژەترین ئەندامی خۆیان وەک راوێژکاری - نەک سەرۆک - ئەنجوومەن هەڵدەبژێرن کە کارەکەی تەنێ راوێژکردن و هەماهەنگیی و سەرپەرشتییکردنی کۆبوونەوەکانە.

٤- بڕیاری ئەنجوومەن وەکۆمەڵ دەدرێ و هەموو ئەندامەکانیش وە راوێژکاریشەوە لە دەنگدان یەکسانن و هەر کەس خاوەنی یەک دەنگی یەکسانە.

٥- ئەنجوومەن لە یەکەم کۆبوونەوەیدا بڕیاری دانانی پێکهاتەکەی و دەسەڵات و رێوشوێنی دامەزران و بڕی کرێی ئەندام و کرێکار و فەرمانبەر و دەرماڵەی دامودەزگەکانی و ماف و ئازادییەکانی و دامەزرانەوەی سەندیکا و بودجەی ساڵانە و شێوەی هەڵبژاردن و تێکڕای کاروبارەکانی دەدا.

٦- هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی باڵای میدیا کە لووتکەی باڵای دەسەڵاتی میدیایە لە خوارێڕا تا سەرێ و وە پێی توانا و شارەزایی پێویستی کەسەکان لە هەر کار و بەرپرسییەک وە پێی پێویستیی دەستە و ئەنجوومەن و دەزگە و فەرمانگە پێویستەکان وە شێوەیەکی ئازاد و نهێنیی لە نێو رۆژنامەنووسان و بەرهەمدارانی سەرجەم لایەنە رۆشنبیریی و تەکنیکییەکان و کارمەندە هونەرییەکان ئەنجام دەدرێ.. لە دوا پرۆسێس کە سەرۆکەکان - ئەوانەی لە خاڵی دووەم

دەستنیشانکرانە - هەڵدەبژێردرێن خۆبەخۆ دەبنە ئەنجوومەنی باڵای میدیا.

٧- هەڵبژاردن هەر ٢ ساڵ یەک جارە، ڕێسا و پرۆسێسی هەڵبژاردن لە لایەن لیژنەیەکی ١٠ کەسیی لە ڕۆژنامەنووسە هەرە بەرزەکانی وڵات وە ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی باڵای میدیا وە یاسایەک ڕێکدەخرێ.

٨- ئەنجوومەن پڕۆژەی بودجەی ساڵانەی ئەنجوومەنی میدیا ئامادە دەکا و پێشکەشی پەرلەمانی دەکا.. پاش وەرگرتنی ڕەزامەندیی دەخرێتە نێو بودجەی ساڵانەی وڵات.

## مادەی ٥٨:

ئەنجوومەنی باڵای میدیا وە چەند یاسایەک تێکڕای (کارەکان، شێوەی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان، ئەرک و ماف و ئازادییەکان، دەسەڵات، دامەزرانی فەرمانبەر و کرێکار و... هتد)ی هەر یەک لە دەزگەکانی دیاردەکا و دەیخاتە نێو پەیڕەوی نێوخۆی دەسەڵاتی ئەنجوومەنی میدیا.

## ٦- ئەنجوومەنی هێزی بەرگریی:

**مادەی ٥٩:**

## بنچینە گشتییەکان:

١- کەسانی خۆبەخش وە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە ڕیزەکانی هێزی بەرگریی هەڵدەبژێرن.. واتە هیچ کەسەک وە تۆبزیی ناچار ناکرێ لە نێو هێزی بەرگریی کار بکا.

٢- نابی وە هیچ شێوەیەک هیچ کەسەک لە نێو هێزی بەرگریی تەمەنی لە ٢١ ساڵ کەمتر بی.. دەبی هەر کەسەک بەر لە پەیوەستبوون لە رووی تەندروستییەوە هیچ جۆرە نەخۆشییەکی جەستەیی و دەروونی نەبی و لە راهێنانەکانی قۆناغی ئامادەکردنی سەرەتایی دەرچووبی.

٣- دەبی هەر کەسەک لە نێو هێزی بەرگریی لە بەشی پێشمەرگە یان پۆلیس لە کۆلێژی هێزی بەرگریی - کە سەر وە وەرزارەتی خووندنی باڵایە و لە نێو باشترین زانکۆی وڵات دایە - دەرچووبی و وە هیچ جۆر و شێوەیەکیش رێ وە هیچ کەسەک نەدرێ بێ بڕوانامەی ئەو کۆلێژە وە هێزی بەرگرییەوە پەیوەست ببی.

٤- نابی هیچ پێشمەرگە و پۆلیسەک لە هیچ جێیەکی دیکە کار بکا و سەر وە هیچ پارت و رێکخراوەکی سیاسیی بی و هیچ جۆر و شێوە هەڵسوکەوت و چالاکییەکی سیاسیی حیزبیی و بڵاوکردنەوە و سەپاندنی دین لە نێو هیچ بنکە و بارەگەیەکی هێزی بەرگریی بنوێنی.

٥- کرێی هەفتانەی هەر پێشمەرگە و پۆلیسەک وە پێی سەختیی و ئاسانیی کارەکانیان و بەخششی مادیی لە بەرانبەر کار و چالاکییە گرنگ و جەربەزەییە پێشمەرگەیی و پۆلیسییەکان دەگەڵ تێکڕای ماف و ئازادییەکانیان لە لایەن لیژنەیەکی سەر وە ئەنجوومەنی باڵای هێزی بەرگریی دیاردەکرێن.

٦- بێجگە لە دەسەڵاتی هێزی بەرگریی هیچ کەس و لایەن و حیزبەک ناتوانی هێزە چەکدارەکان وەکارببا یان هیچ چەکدار و هێزەکی چەکداریان هەبی.. هەڵبەتە هەر جۆرە بازاڕەکی چەکفرۆشییش قەدەغەیە.

٧- هێزی بەرگریی نێوخۆ - پۆلیس - هێزەکی چەکدارە لێ تەنێ لە دەمی پێویست و باری هەبوونی مەترسیی لەسەر هاوڵاتییان و ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی چەک هەڵدەگرن.

مادەی ٦٠:

دەسەڵاتی هێزی بەرگریی:

١- هێزی بەرگریی لە سەرجەمی هێزە چەکدارەکانی وڵات پێکدێ، پاراستن و بەرگرییکردن لە نیشتیمان و سنوورەکەی لە هێزی دەرکیی و پاراستنی هاوڵاتییان لە کارەساتی سروشتیی و پاراستنی ژینگە ئەرکی سەر شانی هێزی بەرگریی نیشتیمانیین و پاراستنی ئارامیی و ئاسایشی نێوخۆ و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتییانیش ئەرکی

سەر شانی هێزی بەرگریی نێوخۆن.. واتە ئەو ئەرکانە کاری سەرەتا و کۆتایی دەسەڵاتی هێزی بەرگریین.

٢- دەسەڵاتی هێزی بەرگریی تەنێ لە هەردوو بەشی فەرماندەیی هێزی بەرگریی نیشتیمانیی - پێشمەرگە - و فەرماندەیی هێزی بەرگریی نێوخۆ - پۆلیس - پێکدێ.

٣- دەسەڵاتی ئەنجوومەنی هێزی بەرگریی یەک لە شەش دەسەڵاتەکەی وڵاتە و لە رێی ئەندامبوونیشی لە دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار وە پێی تایبەتمەندییە پیشەییەکانی خۆی هاوکار و هاوبەشی دەسەڵاتەکانی دیکەیە لە بەرێوەبردنی وڵات.

٤- دەسەڵاتی هێزی بەرگریی لە ژێر چاودێریی پەرلەمان و دیوانی سەرۆکایەتیی کۆمار و ئەنجوومەنی وەزیران کارەکانی خۆی وەسەروەخۆیی بەرێوەدەبا و هیچ کەس و لایەن و دەسەڵاتەک ناتوانن دەست لە کاروبارەکانی وەربدەن.

٥- ئەنجوومەنی هێزی بەرگریی وە تێکڕای هێز و بنکەکانیەوە نە سەر وە پارت و لایەنی دەسەڵاتدار و هیچ پارت و لایەنەکی دیکەیە نە قۆرخکرای هیچ لایەنەکی ئایدیۆلۆژیی و فەلسەفییشە.

٦- ماوەی کاری دەسەڵاتی هێزی بەرگریی وەک پەرلەمان ٤ ساڵە.

مادەی ٦١:

## ئەنجوومەنی باڵای هێزی بەرگریی:

١- ئەنجوومەنی باڵای هێزی بەرگریی وەک ناوەندەکی باڵا فەرماندەی گشتیی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتییکردنی تێکڕای کاروبارەکانی هێزی بەرگرییە.

٢- ئەنجوومەنی باڵای هێزی بەرگریی وەک لووتکەی باڵای دەسەڵاتی ئەنجوومەنی هێزی بەرگریی لە راوێژکاری گشتیی و جێگرەکەی و فەرماندەی فەرماندەیی هێزی بەرگریی نیشتیمانیی - پێشمەرگە - و جێگرەکەی و فەرماندەی فەرماندەیی هێزی بەرگریی نێوخۆ - پۆلیس - و جێگرەکەی پێکدێ.

٣- راوێژکار و جێگرەکەی دەبی دوو کەسی سڤیل بن و شارەزاییەکی پێویستیان لە هەردوو لایەنی زانستیی و هونەریی پێشمەرگەیی و پۆلیسیی هەبی.. پەرلەمان دەگەڵ دەستبەکاربوونی ئەو دوو کەس لە ئەندام پەرلەمانەکانی لایەنی براوە و لە نێو سەرجەم ئەندامەکانی وە شێوەی ئازاد و نهێنیی وە زۆرینەی دەنگ هەڵدەبژێری و پێویستە رەزامەندیی دیوانی سەرۆکایەتیی کۆماریشی لەسەر وەربگیردرێ.

٤- بڕیاری ئەنجوومەن وەکۆمەڵ دەدرێ و لە بڕیاردان لەسەر هەر کارەکی گرنگی نێو ئەنجوومەن دەبی وە لایەنی کەم (سێ دەنگ) دەگەڵ دەنگی راوێژکار وەربگیردرێ.. بێجگە لە راوێژکار هەموو ئەندامەکان لە دەنگدان یەکسانن و هەر کەس خاوەنی یەک دەنگە.

٥- ئەنجوومەن لە یەکەم کۆبوونەوەیدا بڕیای دانانی پەیڕەوی نێوخۆی ئەنجوومەنی هێزی بەرگریی دەدا کە دیارکردنی شێوەی پێکهاتەی ئەمجوومەن و دەسەڵات و تێکڕای کاروبارەکانی و دامەزران و کرێی پێشمەرگە و پۆلیس و دەرماڵەی دامودەزگەکانی و ماف و ئازادییەکان و بودجەی ساڵانە و شێوەی هەڵبژاردن و... هتد لە خۆ دەگری.

٦- هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی باڵای هێزی بەرگریی کە لووتکەی باڵای دەسەڵاتی ئەنجوومەنی هێزی بەرگرییە - بێجگە لە راوێژکار و جێگرەکەی - لە نێوان پلە پێشمەرگەیی و پۆلیسییە هەرە بەرز و ژێهاتیی و وە ئەزموونەکان ئەنجام دەدرێ.. ئەنجا لە سەرێڕا تا خوارێ وە پێی پلە پێشمەرگەیی و پۆلیسییەکان کە توانا و شارەزایی پێویستی کەسەکان لە هەر کار و بەرپرسییەک دەردەخەن وە پێی پێویستیی گچکەیی و گەورەیی هێزە جوداجودایەکان فەرماندەیی و مەڵبەند و نووسینگە و بنکە بارەگە و هەر یەکەیەکی پێویستی دیکە لە ناوچەکان دادەمەزرێن.

## مادەی ٦٢:

فەرماندەیی هێزی بەرگریی نیشتیمانیی نابی وە هیچ جۆر و شێوەیەک وڵاتەکی دیکە داگیر بکا.. بێ ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی باڵای هێزی بەرگریی و دەسەڵاتەکانی دیکەی وڵات ناتوانی بڕیاری شەڕی پاراستن و بەرگرییکردن لە نیشتیمان بدا یان بەشداریی لە هاوپەیمانییە

سەربازییە ناوچەیی و جیهانییەکان بکا.. هەروا نابی بەشداریی لەو هاوپەیمانییانەش بکا کە دژی بەرژەوەندییەکانی گەلانن.

**مادەی ٦٣:**

نابی وە هیچ جۆر و شێوەیەک هێزی پۆلیس یان هێزی پێشمەرگە بکرێتە داردەستی دەسەڵات و جەماوەر و بزاڤەکانی پێ سەرکوت بکا.

**مادەی ٦٤:**

ئەنجوومەنی باڵای هێزی بەرگریی وە چەند یاسایەک تێکڕای (پێکهاتە، کارەکان، شێوەی بەڕێوەبردنی کاروبارەکان، ئەرک و ماف و ئازادییەکان، پلە پێشمەرگەیی و پۆلیسییەکان، دەسەڵاتەکان، پێکهاتەی هێزەکان، بەخشینی نیشانە و خەڵاتی تایبەت، دامەزرانی پەیکەر، و... هتد)ی هەر یەک لە فەرماندەیی هێزی بەرگریی نیشتیمانیی و فەرماندەیی هێزی بەرگریی نێوخۆ و هێز و بەشە سەرەکییەکانی خوارێیان دیاردەکا و دەیانخاتە نێو پەیڕەوی نێوخۆی دەسەڵاتی ئەنجوومەنی هێزی بەرگریی.

# دەروازەی چارەم:

## لێژنە ئازاد و سەروەخۆکان:

### مادەی ٦٥:

١- ئەو لێژنانە وە ئازادیی و لە دەرێی دەسەڵاتەکان لە کەسانی دەستپاک و شارەزای بوارە جوداجودایەکان لە نێو سەرجەم چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان وە شێوەیەکی سەروەخۆ پێکدێن.

٢- کارەکانی ئەو لێژنانە چاودێرییکردن و پاراستن و گەشەپێدانی دەستکەوتەکان، لێکۆلینەوە و سکالاکردن لەسەر ئاریشە و لادانەکان، بەرانگژبوونەوە و راستکردنەوەی هەڵە و کەموکوڕییەکان، چەسپاندنی دادپەروەریی و راستگۆیی و دەستپاکیی، قەڵاچۆکردنی بیرۆکراسییەت و گەندەڵیی، دانانی پلان و پرۆژەی تازە و جێبەجێکردنیان و ئەنجامدانی هەر کار و چالاکییەک لە پێناو پڕکردنەوەی ئەو کەلەن و بۆشاییە کارگێڕیی و بەرێوەبەرییانەی کە لە هەر کارەکدا هەن و دەسەڵاتەکان تێیاندا جێی متمانە نین و ناتوانن پڕیانبکەنەوە یان وە چاکیی و رێکوپێکیی ئەنجامیان نادەن.

٣- دڵنیابوون لە دەستپاکیی و شارەزایی و هەبوونی توانای ئەنجامدانی کار و چالاکیی لە بەرانبەر هەر کۆمەڵە کەسەک کە دەیانەوێ

لێـژنەیەک دابمەزرێـنن تـاکە مەرجی ئەنجوومەنی میللیـی وڵاتە تـا وە فەرمیی بناسرێن.

٤- پێکهاتە و پێویستییەکانی هەر لێژنەیەک:

ئـ- دەسـتەی سەرپەرشـتیی وە لایەنـی کەم لە ٥ ئەنـدام پێکـدێ.. سەرپەرشـتیاری دەسـتە و سکرتێر و بەرپرسـی دارایـی لە نێـو خۆیـان هەڵدەبژێرن، ئەو دەستەیە خۆبەخشە و بێ بەرانبەر کاردەکا.

ا- هەبوونی پەیڕەوی نێوخۆ و بەرنامەی کارکردن.

ب- هەبوونی ژمارەی بانکیی.

پ- هەبوونی فەرمانگەیەک.

ت- دامەزرانی چەند فەرمانبەر و کرێکارەک وەک دەستەی کارگێڕیی.

ج- لێژنەکـان لە سـەر ئاسـتی وڵات دادەمەزرێـن و فەرمانگەکانیـان لە پایتەخـت دەبـن، پێویسـتە هەر لێـژنەک لە هەر پارێزگـایەک نووسینگەیەک دابمەزرێنی و چەند کەسەک وە پێی پێویست لە کەسانی شارەزا و دەستپاک خۆبەخشانە کـاری تێدا بکەن کە کارەکەیـان تەنێ رێکخستنی پەیوەندییەکانە لە نێوان دەستەی سەرپەرشتیی لێـژنەکە و خەڵکـی هەر پارێزگـایەک لە پێنـاو ئەنجامدانی کـار و چالاکییەکـانی لێژنەکە.

٥- دەبی ئەنجوومەنی وەزیـران لایەنـی مـادیی ئەو لێژنـانە دابـین بکـا؛ واتە (کرێـی هەفتـانەی دەسـتەی کـارگێڕیی، خەرجیـی چالاکییەکـان، خەرجیـی کەسـانی خـۆبەخش، کرێـی فەرمانگەکـان و نووسـینگەکان و پێویستییەکانیان).

٦- نابی دەستەی سەرپەرشتیی هیچ لێژنەیەک وە هیچ جۆر و شێوەیەک سەر وە هیچ پارت و ڕێکخراوەکی سیاسیی بن هەروا نابی دەرفەت بدەن وە هیچ کەسەک لە نێو فەرمانگە و نووسینگەکانیان یان لە دەمی ئەنجامدانی کاری لێژنە چالاکیی حیزبیی و دینیی ئەنجام بدەن.

٧- ئەنجوومەنی میلیی وڵات مافی هەڵوەشاندنەوەی هەر لێژنەیەکیان هەیە لە دەمەکدا کە لێژنەکە ناتوانی کاری سەرشانی خۆی ئەنجام بدا یان جوولە و توانا مادییەکانی لە بەرژەوەندیی و ئامانجەکانی لێژنەکە وەکارنابا یان لە کاروبارەکانی هەل و دەرفەتی یەکسان لە نێو ئەندامانی لێژنەکە یان ئەو کەسانەی کار و چالاکیی دەنوێنن نارەخسێنی یان هەر خودی لێژنەکە بێ کارە و بێجگە لە زیان و وەفیرۆدانی توانستە مادییەکان هیچ سوودەک نابەخشی.

٨- سەرجەمی لێژنەکان دەبێ پێکەوە سەندیکایەکی گشتیی پێکبهینن وە ناوی (سەندیکای گشتیی لێژنە ئازاد و سەروەخۆکان):

ئ- ئەو سەندیکایە لە سەرجەم سەرپەشتیارانی دەستەی سەرپەرشتیی لێژنەکان پێکدێ و سەرۆک و جێگری سەندیکاش لە نێو خۆیان هەڵدەبژێرن.

ا- کاری هەرە گرنگی ئەو سەندیکایە پاراستنی ماف و ئازادییەکانی لێژنەکان و پشتگیرییکردنیانە لە دابینکردنی لایەنە مادییەکانیان.

## مادەی ٦٦:

هەر کۆمەڵە کەسەک وە لەبەرچاوگرتنی مادەی ٦٤ دەتوانن داوای دامەزرانی لێژنەیەک بکەن و مۆڵەت وەربگرن، ئەو لێژنانەی خوارێ و

چەندین لیژنەی دیکەی لەو بابەتانە کە لە لایەن کۆمەڵە کەسەکی بەرچاوی جەماوەر پێویستیی بوونیان وە بەڵگەوە دەسەلمێندرێ دەرفەتی دامەزرانیان هەیە:

١- لیژنەی باڵای مافەکانی مرۆڤ.
٢- لیژنەی پاراستن و گەشەپێدانی ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتییان.
٣- لیژنەی پاراستن و گەشەپێدانی ماف و ئازادییەکانی کرێکاران و جۆتیاران.
٤- لیژنەی پاراستن و گەشەپێدانی ماف و ئازادییەکانی بێکاران.
٥- لیژنەی پاراستن و گەشەپێدانی ماف و ئازادییەکانی کیژان و ژنان.
٦- لیژنەی پاراستن و گەشەپێدانی ماف و ئازادییەکانی منداڵان.
٧- لیژنەی پاراستن و گەشەپێدانی ماف و ئازادییەکانی لاوان.
٨- لیژنەی پاراستن و گەشەپێدانی ماف و ئازادییەکانی کەمئەندامان و پیران.
٩- لیژنەی پاراستن و گەشەپێدانی ماف و ئازادییە تاکەکەسییەکان.
١٠- لیژنەی پاراستن و گەشەپێدانی ماف و ئازادیی سێکس و ئەوین.
١١- لیژنەی چاودێریی بانکی ناوەندیی.
١٢- لیژنەی چاودێریی دارایی و تێکڕای بانکەکان.
١٣- لیژنەی چاودێریی و تەرخانکردنی داهات.
١٤- لیژنەی چاودێریی سامانە سرووشتییەکان.
١٥- لیژنەی چاودێریی چاکیی و نایابیی بەرهەمی هاوردە و خۆجێیی.
١٦- لیژنەی چاودێریی کڕین و فرۆشتن و گومرگ و بازرگانیی.
١٧- لیژنەی پاراستنی مافەکانی وەکاربەران.
١٨- لیژنەی چاودێریی چارەسەرکردنی کێشەکانی جەماوەر.

**١٩- لیژنەی چاودێریی بەرپرس و کاروباری دەسەڵاتەکان.**

**٢٠- لیژنەی بەرانگژبوونەوە دژ وە سەرجەم گەندەڵییەکان.**

**٢١- لیژنەی چاودێریی پەیوەندیی و کاروبارەکانی دەرەوە.**

**٢٢- لیژنەی دەستپاکیی و راستگۆیی.**

**٢٣- لیژنەی باڵای هەڵبژاردن و راپرسییە گشتییەکان.**

**٢٤- لیژنەی چاودێریی و سەپەرشتییکردنی سەرژمێرییەکان.**

**٢٥- لیژنەی پاراستنی ئازادیی گەیاندن و پەیوەندییەکان.**

**٢٦- لیژنەی چاودێریی کاروبارە تەندروستییەکان.**

**٢٧- لیژنەی پاراستن و گەشەپێدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان.**

**٢٨- لیژنەی پاراستنی نیشتیمان و مافەکانی گەل.**

**٢٩- لیژنەی پاراستنی مافی نەتەوەکان و ناوچەکان.**

**٣٠- لیژنەی پاراستنی مافی کەسوکاری شەهیدان و زیانمەندان.**

**٣١- لیژنەی پاراستنی مافی رادەربڕین و پەخش و بڵاوکردنەوە.**

**٣٢- لیژنەی پاراستنی مافی رێکخراوبوون و خۆپیشاندان و مانگرتن.**

**٣٣- لیژنەی پاراستنی ئازادیی سیاسیی و رۆشنبیریی و کۆمەلایەتیی.**

**٣٤- لیژنەی پاراستنی ئازادیی هزریی و فەلسەفیی.**

**٣٥- لیژنەی ئازادیی و پاراستنی تێکڕای داهێنانە جۆربەجۆرەکان.**

**٣٦- لیژنەی پاراستنی دەستوور و یاسا و رێسایەکان.**

**٣٧- لیژنەی وەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی گشتیی.**

**٣٨- لیژنەی سەقامگیرکردنی رۆشنیی و ئاشکرایی.**

**٣٩- لیژنەی سکاڵا و لێپێچینەوە لە سکاڵاکردن.**

**٤٠- لیژنەی بەرانگژبوونەوەی جوایەزییەکان.**

٤١- لیژنەی پاراستنی ماف و ئازادییەکانی پەنابەران و داواکارانی پەنابەریی.
٤٢- لیژنەی بەرانگژبوونەوەی ئەشکەنجە و توندوتیژییەکان.
٤٣- لیژنەی پاراستنی ماف و ئازادییەکانی زیندانییان.
٤٤- لیژنەی بەرانگژبوونەوەی چەک و مادە  قەدەغەکان.
٤٥- لیژنەی بەرانگژبوونەوەی شەڕ و کوشتن و تیرۆر.
٤٦- لیژنەی پاراستنی ئاشتیی و ئارامیی و ئاسایش.
٤٧- لیژنەی پاراستنی مۆزەخانە و پاشماوە و شوێنەوارەکان.
٤٨- لیژنەی پاراستنی گیانداران و دارستانەکان و سەرلەبەری ژینگە.

## مادەی ٦٧:

دەکرێ لە ئایندەدا پێبەپێی گۆڕان و گەشەکردنی ژیان و کاروباری تازە و وە پێی پێویستییەکان داوای دامەزرانی لیژنەی تازە بکرێ و لیژنە بێکار و وەسەرچووەکانیش هەڵبوەشێندرێنەوە.

# دەروازی پێنجەم:

## ئابووریی:

### مادەی ٦٨:

### نەفت و گاز و کانەکان:

١- بێجگە لە میللەت هیچ کەس و لایەنەک خاوەنی نەفت و گاز و کانەکان نین.. دەبی حکومەت وە نوێنەرایەتیی گەل لە هەموو بوارەکانی دەرهینان و ئامادەکردن و وەبەرهینان و وەکاربردن و فرۆشتنیان لە پێناو سوودگەیاندن وە بەرژەوەندییە گشتییەکان سەرپەرشتییان بکا.

٢- دەبی لە خستنەگەڕی ئەو مادانە لە بواری بازرگانیی هەردەم رەچاوی بنیاتنانی پیشەسازییەکی هەمەلایەنەی نیشتیمانیی بکرێ.

٣- حکومەت بەرپرسە لەوەی کارگە و دامودەزگەی پێویست لە بوارەکانی وەکاربردنی ئەو مادانە دابین بکا و وە پشتبەستن وە زانست و تەکنەلۆژیای سەردەم و وە رەچاوکردنی ئاستی پێشکەوتنی ولات و گەشەپێدان و بوژانەوەی ژیان لە هەردوو رووی ئاوەدانکردنەوە و

بنیاتنانی ئابوورییەکی بەهێز هونەری بەرهەمهینان و بەرێوەبردن لە ئەستۆی خۆی بگری.

٤- پێویستە وە وەگەڕخستنی نەخشە و پلانەکی بەرنامەڕێژ برەکی زۆر لەو مادانە وە خاویی و چاکنەکرایی بهێلدرێتەوە و برەکی زۆریش لە بەرهەمە پالافتەکرا و ئامادەکرایەکان وەک پاشەکەفتەکی ئابووریی پاشەرۆژ دابکرێن تا وە پێیی پێویست و لە هەر دەمەک سوودیان لێوەربگیردرێ و زووبەزوو تەواو نەبن.

٥- نابی دەرفەت بدرێ وە هیچ جۆر و شێوەیەک دەسەلاتی دەرەکیی چ وەک داگیرکاریی راستەوخۆ چ وە هۆی مۆرکردنی رێکەوتنامەی سیاسیی و ئابووریی چ وە هۆی پێویستییە زانستیی و تەکنیکییەکان لە وەبەرهینان و ئامادەکردنی بەرهەمەکان پاوانی ئەو ژێرخانە ئابوورییە گرنگانە بکا بەڵکە دەبی وە پێداگرتنەکی توندەوە هەمیشە وە سەروەخۆیی لە ژێر دەسەلات و هەڵسوکەوتی ئازاد و خۆماڵییانەی نیشتیمان بمینێنەوە.

٦- بەشدارییکردن و رێکخراوبوونی بەرێوەبەرایەتییەکانی ئەو بەرهەمە سرووشتییانە لە دەستە و رێکخراوە ئابوورییە ناوچەیی و جیهانییەکان دەبی بەر لە هەر تشتەک وە قازانجی پێشقەچوون و پتر سوودلێوەرگرتن لە بەرهەمەکان و بوژانەوەی باشتری ئابووریی ولات بن و هاوکات نەبنە مایەی زیان گەیاندن وە بەرژەوەندییەکانی هیچ لایەن و ولاتەک و پیسبوون و تێکدانی ژینگە.

## مادەی ٦٩:

## ئاو و کەش و هەتاو:

١- کوردستان یەک لە وڵاتە زەنگینەکانە لە سەرچاوەی ئاوی شیرین و بەهێزیی هەتاو و کەشەکی پاک و لەبار.. پێویستە لە لایەن هاوڵاتییان و نێوەندەکانی دەسەڵات وەک کۆمەڵە کەناڵەکی گرنگ و پڕ سوود لە بنیاتنانی ئابوورییەکی هاوچەرخ هەڵسوکەوتیان لەتەک بکرێ.

٢- تێکڕای ئاوەکان - کانیی و ئاوی ژێرزەوی، بەفراو و باراناو، گۆم و بەربەست، زێ و رووبار - سامانی گشتیین و هیچ کەس و لایەنەک ناتوانن لەسەر خۆیان تاپۆیان بکەن.. تێکڕای هاوڵاتییانیش وە پێی یاسایەکان یەکسانن لەوەی لە سوود و قازانجەکانیان بەهرەمەند بن و لە بەرژەوەندیی گشتیی وەکاریانببەن.

٣- پێویستە حکومەت وە شێوەیەکی زانستییانە و مۆدێرنانە لە رێی دانانی نەخشە و پلانی جۆراوجۆرەوە بڕەکی زۆر لەو سەرچاوانە لە پرۆژەی جوداجودای کشتوکاڵ و ئاودێریی و ئاژەڵداریی و وزە و گواستنەوە و ... هتد وەکاربباو وەک کەرتەکی پڕ بایەخی ژێرخانی ئابووریی زۆر گرنگییان پێبدا.

٤- دەبی حکومەت لە رێی نەریت و یاسا و رێسایە نێودەولەتییەکان پارێزگاریی لە بڕ و جۆری ئەو ئاوانە بکا کە وە شێوەی بارانا و رووبار دەرژێنە سەر خاکی نیشتیمان.. هەروا رەچاوی پاکوخاوێنیی کەش و ئاوەکان بکا و لە پیسبوون بیانپارێزی.

## مادەی ٧٠:

## کشتوکاڵ:

١- کوردستان وە هۆی بەپیتیی خاکەکەی و لەباریی کەشەکەی یەک لە وڵاتە کشتوکاڵییە گرنگەکانە و پڕ لە بەرهەمی نایاب و جۆراوجۆرە.. پێویستە دەسەڵاتی حوکم زۆر وە گرنگییەوە لە هەردوو رووی دانانی یاسا و رێسای چاککردنی کشتوکاڵ و وەبەرهێنانی زەوییەکان وە پشتبەستن وە زانست و تەکنەلۆژیای تازەی کشتوکاڵیی بایەخی زۆری پێبدا.

٢- دەبی تێکڕای ئەو یاسا و رێسا و بڕیارە پەڕپووت و نابەجێیە وە ناو کشتوکاڵییانەی سەردەمی دەسەڵاتی پێشانی کوردستان و عێراق هەڵبوەشێندرێنەوە.. هەروا ئەو یاسا و رێسا و بڕیارە کشتوکاڵییانەش کە تازە دەردەچن و زیان وە بڕ و جۆری بەرهەمەکان دەگەیەنن یان رێ لە پێشڤەچوونیان دەگرن زووبەزوو لابدرێن و وە ئی تازە جێیان پڕ بکرێنەوە.

٣- بێجگە لە حکومەت نابی هیچ کەس و لایەنەک خاوەنی هیچ پارچە زەوییەکی وڵات - ئاویی یان دێمیی - بی، دەبی حکومەت وە دابڕینی ئەو زەوییانەی خانووبەرە و کارگە و دامودەزگایەکانیان لەسەر چێدەکرێ یان لە بوارەکانی ئاژەڵداریی و لەوەڕگە و دارستانی پەلەوەر و گیانداران و ئاژەڵە کێوییەکان و باغ و باخچە و دارستانەکان

وەکـاردەبردرێن سەرپەرشـتیی سـەرجەم زەوییەکـانی دیـکە بکـا کە وە کەلکی کشتوکاڵ دێن و بەو شێوەیەی خوارێ وەکاریانببا:

ئـ- لە پێنـاو بنیاتنـانی کشـتوکاڵەکی مـۆدێرن و پـڕ لە بەرهەمـی جۆراوجـۆر و نایـاب وە لەبەرچـاوگرتنی قـازانجی جۆتیـاران و بەرژەوەندیی گشتیی تێکڕای زەوییە دێمیی و ئاوییەکان لە ٤ کەرت - کەرتـی دەولەت، کەرتـی هەرەوەزیـی حکـومەت و جۆتیـاران، کەرتـی هەرەوەزیی جۆتیاران، کەرتی تایبەت - رێکدەخرێن و وەبەردەهێندرێن.

ا- لە کەرتـی دەوڵەت هەمـوو خەرجیـی و کـارە کـارگێریی و کـردەییە جۆتیارییەکـان لەسـەر حکـومەتە و قـازانجیش دەڕواتە نێـو خەزێـنەی وڵات، لە کەرتـی هەرەوەزیـی حکـومەت و جۆتیـاران وە پێـی پشـکی خەرجیـی و کارەکـان قـازانج دابەش دەکـرێ و هەر جۆتیـارەکیش ١٥٪ی قـازانجی کـارەکەی وەک بـاج دەدا، لە کەرتـی هەرەوەزیـی جۆتیـاران وە پێـی پشـکی خەرجیـی و کارەکـانی هەر جۆتیـارەک قـازانج لە نێـوان خۆیان دابەش دەکەن و هەر جۆتیارەکیش ١٠٪ی قـازانجی کـارەکەی وەک بـاج دەدا، لە کەرتـی تـایبەت جۆتیـار خـۆی بەرپرسە لە خەرجیـی و کارەکان و قازانج و ٢٥٪ی قازانجی کارەکەشی وەک باج دەدا.

ب- وە پێـی پـلەی سـەرکەوتنی هەر کەرتەک لە رووەکـانی چـاکیی و زۆریی و جۆراوجۆریی بەرهەم و سوود و قـازانجی حکومەت و جۆتیـاران و بەرژەوەنـدیی گشـتیی ئەو کەرتە زۆرترینـی زەوییەکـان وە لای خـۆی کێش دەکا.

پ- وەرگرتنی زەوی یان بەشدارییکردن لە هەر کەرتەک وە پێی ژمارەی داواکـــاریی جۆتیـــاران دەبـــی.. واتە بـــڕی زەویـــی هەر کەرتەک وە یەکسانیی لەسەر کۆی جۆتیارە داواکارەکانی دابەش دەکریّ، لیّ ئەگەر زەوی پتر بوو ئەوە ئەو دەم هەر جۆتیارێک ئازادە لەوەی چەند زەوی داوادەکا.

ت- مـاوەی گرێبەسـتی نێـوان حکـومەت و جۆتیـارانی هەر کەرتەک لە یەک یـان چەنـد وەرزیـی و دەمـی کـۆکردنەوەی خەرمـان و فرۆشـتنی بەرهەمەکان، وەخاوەنبوونی کەرستە و ئامێرەکان پاش تەواوبوونی کـار یان سەرنەکەوتنی کـار یـان زیانمەنـدبوونی جۆتیـار، دووبـارەکردنەوەی گرێبەست، ئەرک و مافەکانی جۆتیاران، کۆمەک و دانـی قەرزی پـارە و بنەتـۆ و پەیـن و دەرمـان و ئامێرەکـان و پێویسـتییەکانی دیـکەی کشـتوکاڵیی وە جۆتیـاران لە لایەن حکـومەتەوە، و... هتـد وە یاسـا رێکدەخرێن.

٤- جۆتیـاران خۆیـان و ئەنـدامانی خێزانیـان ئـازادن لەوەی لە هەر جێـیەک - شـار، شـارۆچکە، کـۆمەڵگە، گونـد، لەسـەر کارەکانیـان - دابنیشـن و دەبـی لە لایەن حکـومەتەوە پێویسـتییەکانی ژیـان و گوزەرانیان دابین بکریّ.. هەروا مافی دروستکردنی یەکێتیی جۆتیاران و هەر مـاف و ئـازادییەکی دیکەیـان هەیە کە سـەرجەمی هاوڵاتییـان هەیانە.

# دەروازەی شەشەم:

## دارایی:

### مادەی ٧١:

١- بێجگە لەو کەسانەی کاردەکەن یان خاوەنکارن ئەوانەی وە هۆی لەکاردابڕانیش بیمە وەردەگرن دەبی وە پێی بڕی بیمەکەیان باج بدەن.

٢- تێکڕای داهاتی باجەکان دەخرێنە سەر خەزێنەی وڵات و تەنێ لە باشترکردنی خۆشگوزەرانیی هاوڵاتییان خەرج دەکرێن.

٣- ئەوانەی باجدان دەیانگریتەوە وە هیچ جۆر و شێوەیەک نە کەمتر و نە پتر لە بڕی باجەکەیان لێوەرناگیردرێ.

### مادەی ٧٢:

## داهاتەکانی وڵات:

١- دەستکەوتی باجەکان.
٢- کرێی کارە راژەکارییە گشتییەکان.
٣- دەستکەوتی گواستنەوە و گەشتوگوزارگەکان.
٤- داهاتی کارگە و پڕۆژە و دەزگە و دامەزرایەکان.
٥- داهاتی گومرگ و بازرگانیی.

٦- كرێی هەموو جۆرە وەكرێدانەك.
٧- دەستكەوتی هەموو جۆرە فرۆشتنەك.
٨- قەرزە دەرەكیی و نێوخۆییەكان.
٩- قازانجی دراو و بانكەكان.
١٠- بەخشین و كۆمەكەكان.
١١- تێكڕای سامانی هەر كەسەك كە لە پاش مردنی دەمینێتەوە.
١٢- تێكڕای قازانجی هەر كارگە و دامودەزگە و پڕۆژەیەكی حكومیی یان سەروەخۆ كە لەسەر كار و سامانی گشتیی چێكرانە.. هەروا ئەو سامانانەی كە لە پاش كۆتاییهاتنی كار یان وەستانی ئەو كارگە و دامودزگە و پڕۆژانە دەمینێنەوە.

مادەی ٧٣:

دەبی هەر داهاتەك یەكسەر و بێ هیچ دەستكارییەك بخرێتە سەر خەزێنەی وڵات.. وە مەرجەك هیچ داهاتەك لە ٣ مانگ پتر لە هیچ جێیەك نەمینێتەوە و دەبی ٣ مانگیش پێش كۆتایی ساڵ كۆی داهاتەكان بگەنە خەزێنە و دەگەڵ كۆی خەرجییەكان و بودجەی پێشتر بەراورد بكرێن و لە رۆژنامە بەربڵاوەكانی وڵات بڵاوبكرێنەوە.

# دەروازەی هەفتەم:

## پابەندییەکانی دەسەڵاتەکان:

### مادەی ٧٤:

دەبی تێکڕای کارمەندانی نێو هەموو دەسەڵاتەکان دەستوور و یاسا و ڕێسایەکان لە سەرێی خۆیانەوە ببینن و پێش هەر کەسەک زۆر وە توندیی پێیانەوە پابەند بن و دەقاودەق نێوەرۆکەکانیان وە خاڵ و کۆماوە جێبەجێ بکەن.

### مادەی ٧٥:

دەسەڵاتی حوکم واتای ئەوە ناگەیەنی دەسەڵاتداران پاش ئەوەی هەڵدەبژێردرێن ئیدی وە ئارەزووی تاکپەرستانەیان و وە پێی ویست و بەرژەوەندییە خۆپەرستییەکانی خۆیان و پتر بەرزکردنەوەی ناوبانگ و بڕی سەرمایەکانیان نەخشە و پلانی بەرێوەبردنی ژیان و سیستەمەکە دابرێژن و کەسیش نەتوانی پێیان بێژی (نا)! بەڵکە دەبی دەسەڵاتداران و بەرپرسان لە هەر دەستبەکاربوونەکیان هەمیشە لە ژێر رۆشنایی بیر و رای تێکڕای ئەو چین و توێژە کۆمەڵایەتییانە و ویست و ئامانجیەکانیان بڕیاران دەربکەن و بجوولێنەوە کە ژیان و ژیاری کۆمەڵ لەسەر شانی ئەوان چێبووە و چێدەبی نەک هوڕێنە و پرتەپرتی

مشەخۆر و بیرۆکراسەکان کە هەردەم وەک ڤایرۆسی مەرگبەخش دەکەونە گیانی خەڵک.

مادەی ٧٦:

دەبێ بەرپرسەکان دەرفەتی پەیوەندییەکانیان وە جەماوەر هەر لە پەیوەندیی رووبەڕوو دەگەڵ هەر تاکەک تا دەگاتە راپرسییەکان تەواو رۆشن و کراوە بێ و وە پێی پێویست هەمیشە فراوان و فراوانتر بکرێنەوە.. وە جۆرەک ئەگەر لە رێی ئەو پەیوەندییانەدا گرفت و کێشەکان وە زوویی چارەسەری پێویست نەکران و مقۆمقۆیان تێکەت ئەوە ١٠٪ی جەماوەری دەنگدەر - لە جێیەک یان لە گشت وڵات - مافی ئەوەیان هەیە راپرسیی لەسەر گرفت و کێشەکە ئەنجام بدەن.

مادەی ٧٧:

نەخشەکێشان و دارشتنی بەرنامە و پلانی بەڕێوەبردنی وڵات لە هەموو بوارە نێوخۆیی و دەرەکییەکان وەک - پاراستنی سەروەخۆیی و سەروەریی نیشتیمان، بنیاتنانی کۆمەڵەکی ئازاد و یەکسان و سکۆلاریست و مۆدێرنیست، پاراستنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک وە تایبەتییش ژنان و مندالان و پیران و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، پاراستنی ژیان و خۆشگوزەرانیی و ئاسوودەیی، دیپلۆماسیی و پەیوەندیەکانی دەرێ، بودجە و دراو و قەرز و بانک و بازرگانیی و دارایی و مووچە و نەخشە و پلانە ئابوورییەکان، ئاسایشی نێوخۆ و ئاشتیی و پاراستنی سنوور، نیشتەجێکردن و مافی پەنابەریی،

وەبەرهینانی سامانە سروشتیی و ناسروشتییەکان و نەخشە و پلانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان ئامار و سەرژمێریی گشتیی، و... هتد - (ئەرک)ی سەرشانی بەرپرسانی نێو دەسەڵاتەکانن نەک (دەسەڵات)ی رەها و تاکرەویی بەرپرسان.. واتە ئەو دەمەی بەرپرسان وەک دەسەڵاتی گەل هەڵدەبژێردرێن دەبی وە دڵسۆزیی و وە پێی ویست و خواستەکانی جەماوەر نەخشە و پلانی گشتیی ئەرکەکانیان بکێشن و ئەرکەکانیشیان وە هاوکاریی و هەرەوەزیی و یارمەتیی جەماوەر جێبەجێ بکەن نەک وە بڕیار و رێنماییەکانیان دەسەڵات بکەنە سەکۆی فرمانی شاهانە.

مادەی ٧٨:

نابی هیچ کارمەندەکی دەسەڵات - لە فەرمانبەری مامناوەندییەوە بەرەو سەرێ - هیچ تێکەولێکە و پەیوەندییەکی کاری مادیی و مانەویی تایبەت و دەرێی کاری خۆی دەگەڵ دەزگەکانی حکومەت هەبێ و دەرفەتی کارەکەی لە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی و دەوروبەری خۆی وەکاربیا.. هەروا زۆر وە توندیی چاودێریی جوولەکانی بکرێ لەوەی کە نەکا ژێرەوژێر وە وەکاربردنی ناوی خەڵکی دیکە کار و رەفتاری بیرۆکراسییانە ئەنجام بدا.. هەر کارمەندەکیش لەو جۆرە کار و رەفتارانە گلا سزای توندی یاسایی بدرێ.

**مادەی ٧٩:**

**پابەندبوون بەو خاڵانەی خوارێ یەک ئەرکە و دەبی دەسەڵاتداران زۆر وە توندیی و راشکاویی جێبەجێیان بکەن:**

**ئـ- لە دەمەکدا دەستوور کارا دەبی کە سەرەتا لە لایەن لێژنەیەکی شارەزا و دڵسۆز و هەڵبژاردەی گەل دارێژدرابێ ئەنجا بخرێتە نێو چین و توێژەکانی جەماوەر تا پاش ئەوەی لە رێی بەشداریکردنەکی کردەیی و راستەوخۆی جەماوەر چاکتر و دەوڵەمەندتر دەکرێ وە دارشتنەکی تازە راپرسییەکی گشتیی لەسەر بکرێ و ٧٥٪ی دەنگدەران پەسندی بکەن.**

**ا- هەر کەس یان هەر کۆمەڵە کەسەکی نێو دەسەڵات یان دەرێی دەسەڵات مافی ئەوەیان هەیە پێشنیاری هەموارکردنی دەستوور بکەن وە مەرجەک نابی هیچ هەموارکردنەک ببیتە هۆی پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتیان و دابەزاندنی پلە و ئاستی ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵ و لەدەستدانی سەروەریی و سەروەخۆیی نیشتیمان.**

**ب- هەر هەموارکردنەکی دەستوور دەبی دەنگی ٣/٤ی کۆی ئەندامانی پەرلەمان وەدەستبهینی ئەنجا رەزامەندیی ئەنجوومەنی میللیی و دادگەی باڵا - دادگەی دەستووریی -ی لەسەر وەربگیردرێ.**

**مادەی ٨٠:**

**هیچ دەسەڵاتەک ناتوانی رێژەی پێویستی بریاردان لەسەر راپرسیی گشتیی یان بازنەیەکی هەڵبژاردن کە لە هەردوو بار ١٠٪ی دەنگدەرانە پتر بکا.. دەبی هەمووان پابەند بن پێیەوە.**

**مادەی ٨١:**

**نێوەنـدەکانی دەسـەڵاتەکان وە تـایبەتییش دەسـەڵاتی میـدیا بەرپرسن لەوەی یاسـا و رێسـا و دەسـتوور و پڕۆژەکـان و ئەنجـامی تێکـڕای هەڵبژاردنەکـان و راپرسـییەکان و سـەرژمێرییەکان و سـەرجەمی بـڕی بـودجە و داهـات و مـووچە و خەرجییەکـانی سـاڵانەی وڵات و تێکـڕای سەرمایە و سامانەکان و هەر ژمێریـارییەکی دیکە کە وە لای خەڵکەوە گـرنگن لە چەنـد رۆژنـامەیەکی گەورە و بەرفـراوان - نەک تەنـێ لە رۆژنـامەیەکی فەرمیـی تـایبەتمەنـد کە خەڵکەکـی کەم ئـارەزووی خووندنەوەی هەیە - وە هەموو زمانەکانی نێو وڵات بڵاوبکەنەوە.**